دەرگەی دووەم

بەڕێوەبەرایەتی - دادوەریی

بەشی یەکەم

بەڕێوەبەرایەتی (فەرمانڕەوایان - فەرمانبەران)

باسی یەکەم :

فەرمانڕەوایانی شارەکان

سەرەتاکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ تەنها بریتی بوو لە شاری مەدینە، دواتر فراوان بوویەوە تا گەیشتە زۆربەی دوورگەی عەرەب لە کۆتای ئەو سەردەمە، ئەوەیش خوازیاری ڕێکخستنی ناوچەکان بوو بە شێوازی کارگێڕی، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵسا بە دانانی فەرمانڕەوا لەسەر یەکە کارگێڕیەکان کە زۆر جاران پێکدەهاتن لە شارە سەرەکیەکان‌و دەوروبەریان، دەوڵەت لە سەردەمی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) دابەش کرابوو بۆ حەوت هەرێم: حیجاز، بەحرێن، عومان، نەجد، یەمەن، حەزرەمەوت، عێراق، شام. مەدینەش بریتی بوو لە پایتەخت کە خەلیفە راستەخۆ هەڵدەسا بە هەڵسوڕانی، لە حاڵەتی دەرچوونیشی بۆ حەج یان لەبەر هەر هۆیەکی تر کەسێکی تری لە جێگای خۆی دادەنا بۆ بەڕێوەبردنی،[1] فەرمانڕەوای مەککە عەتتابی کوڕی ئوسەید بوو،[2] شاری جوودەیش سەر بە مەککە بوو و حارسی کوڕی نەوفەلی لەسەر بوو،[3] بەڵام شاری تائیف خۆی لە خۆیدا یەکەیەکی کارگێڕیی پێکدەهێنا عوسمانی کوڕی ئەبولعاصی سەقەفی لەسەر بوو،[4] فەرمانڕەوای سەنعا لە یەمەن کەسێك بوو بە ناوی بازام لە ساڵی دەی کۆچی موسڵمان بوو، پێغەمبەر ﷺ لەسەر فەرمانڕەوای ئەویٚ هێشتیەوە، کاتێك لەو ساڵەدا کۆچی دوای کرد لە پاش حەجی ماڵئاوای شەهری کوڕی لە جێگای خۆی دانا، یەمەنیشی دابەشکرد بۆ چەند بەشێك، عامیری کوڕی شەهر لەسەر هەمەدان بوو، تاهیری کوڕی ئەبو هالە

١) خليفة : التاريخ ١٠١.

٢) ابن هشام: السيرة النبوية ٤: ٥٠٠ وخليفة: التأريخ ٩٧، ١٢٧ والبلاذري انساب الاشراف ١: ٥٢٩.

٣) ابن سعد: الطبقات ٤: ٥٧، وابن عبدالبر: الاستعاب ١: ٢٩٧، وابن حجر: الاصابة ١: ٢٩٢.

٤) إبن سعد: الطبقات ٥: ٥٠٩، خليفة: التاريخ ١٢٣، والبلاذري: انساب الاشراف ١: ٥٢٩، والطبراني: تأريخ ٣: ٤٢٧.

لەسەر عەك بوو، ئەبوموسای ئەشعەری لەسەر مەئریب بوو، یەعلای کوڕی ئومەیەش لەسەر جەنەد بوو، فەرمانڕەوای یەمەن هەمیشە گۆڕانکاریان بەسەر دەهات، سەرچاوە مێژووی یەکان ئاماژە دەکەن کە خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص بوو بە فەرمانڕەوای سەنعا، لە دوای ئەویش موهاجیری کوڕی ئەبوئومەیە، هەروەها موعازی کوڕی جەبەل فەرماندەی جەنەد بوو، ئەبوموسای ئەشعەریش بووە والی زەبیدو رەمەعو سەواحیل، فەروەی کوڕی مەسیکی موڕادی لەسەر مورادو زەبیدو مەزحەج بووە، ئەم گۆڕانکاریانەش لەوە دەچێت لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ یان لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکر روویدا بێت.

تێبینی دەکرێت کە زۆربەی فەرمانڕەواکان خەڵکی یەمەن بوون، ئەوەیش رای کردنێکە پێکهاتەی دانیشتوان و هێزی قەوارە هۆزایەتی یەکانی بەرچاو گرتووە لەو قۆناغەدا، گرنگترین ئامانجەکانی دەوڵەتیش بایەخدان بوو بە بڵاوکردنەوەی ئیسلامو قوڵکردنەوەی بنەماکانی لە نێو دانیشتواندا، موعازی کوڕی جەبەلیش وەکو مامۆستا دامەزراو جێگای دەگۆڕی لە نێوان یەمەنو حەزرەمەوت[1] سەلیتی کوڕی قەیسیش فەرمانەڕوای یەمامە بوو،[2] "بەحرێن بریتی بوو لە دوو بەشی کارگێڕی: هەجەرو خەت کە لای قەتیف بوو". عەلای کوڕی حەزرەمیش فەرمانڕەوای هەجەر بوو، ئەبانی کوڕی سەعیدیش لەسەر خەت بوو،[3] سەبارەت بە عومان جەیفەرو عەببادی کوڕانی جەلەندی لەسەر بوون، عەمری کوڕی عاسیش بەهاوئاهەنگی نێردرا بۆ ئەوێ.

فەرمانڕەوای عەلا لەسەر بەحرێن بەردەوام بوو تا ساڵی (١٥)ی کۆچی، ئیتر عومەری کوڕی خەتتاب هەڵسا بە دانانی عوسمانی کوڕی ئەبولعاص لەسەر بەحرێنو عومان، خۆی لە عومان دادەنیشتو حەکەمی ئەبولعاصی براشی لەسەر بەحرێن دانابوو وەکو نوێنەری خۆی، فەرمانڕەوای ئەو تا خیلافەتی عوسمان بەردەوام بوو، دوای ئەوە بەحرێن کرا بە پاشکۆی بەصرە،[4] بەڵام وا

١) صالح العلي: الدولة في عهد الرسول ﷺ ٤٦٢.

٢) خليفة: التاريخ ١٢٣.

٣) ابن سعد: الطبقات الكبرى ٤: ٢٦٠، وابن حبيب: المحبر ١٢٦، والبكري: معجم ما استعجم ١٢١١، والبلاذري: أنساب الاشراف ١: ٣٩، وصالح العلي: الدولة في عهد الرسول ﷺ ص٥٧٠.

٤) صالح العلي: الدولة في عهد الرسول ﷺ ٥٨٢.

دەردەکەوێت کە فەرمانڕەوای جەلەندی یەکان جارێکی تر گەڕایەوە بۆ سەر عومان، چونکە فەرمانڕەوایان دەکرد لەوێ تاکو خیلافەتی یەزیدی کوڕی موعاویە.[1]

سەبارەت بە ناوچەکانی حیجاز لە دەرەوەی شارە سەرەکیەکان و تەپەی نەجد، هەندێ هۆزی گەورەو بچووکی فەرمانڕەوایان دەکرد لە ڕێگای سەرکردەکەیانەوە، جا کاتێك هاتنە ئاینی ئیسلامەوە پێغەمبەر ﷺ لاینەبردنو لەسەر کارەکانیان داینانەوە، ئەوەیش مایەی ڕازیبوونی سەرکردەو هۆزەکانیان بوو، هەروەها دەسەڵاتی دەوڵەتی بەهێز دەکرد لەسەر جێگا دوورەکان لە پایتەختی خیلافەت.

ئەو ناوچانەش کە لە سەر ئاینە ئاسمانی یە کۆنەکانی خۆیان مانەوە ملکەچ بوون بۆ دەوڵەتی ئیسلامی، بە گرێبەستی دەستبەری وەکو گاورەکانی نەجرانو گاورەکانی ئیلەو جوولەکەکانی تەیما.

ئاشکراشە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدە ئەو بارودۆخە کارگێڕی یەی لە چەرخی پێغەمبەرایەتی یەوە بۆ بە جێماوە، بەڵام بزووتنەوەی فتوحات رووبەرێکی فراوانی تازەی زیاد کرد ئەویش هیلالوخەصیب و ئێرانو میصر بوو، ئەوەش وایکرد کە ناوچە تازەکان ڕێکبخرێن و ببەسرێنەوە بە دەوڵەتەوە.

بەردەوام بوونی فەتحی ئیسلامی کاریگەری سەرەکی هەبوو لە دەستنیشان کردنی بەشە کارگێڕی یەکان، چونکە وێڕای دابەشکردنیان بۆ چەند ولایەتێك لە ژێر کاریگەری جوگرافیی و ستراتیجی و کولتووریی بەڕێوەبردن تیایدا جارجارەش بە پی بڵاوبوونەوەی هۆزەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شوینانەی کە فەتح دەکران لە ڕێگەی ئەو هێزانەی ڕەوانە دەکران بە سەرکردایەتی سەرکردەیەکەوە دەبون بە یەکەیەکی کارگێڕی سەربەخۆ، زۆربەی داهاتەکانیشی دەگەڕایەوە بۆ خۆیان.

سەبارەت بە ئەو فتوحاتانەی ئەنجامدرا لەسەر دەستی سەربازەکان شارێك لە شارەکان دوای ئەوە، شوێنە تازەکان دەبوونە پاشکۆ بۆ ئەو شارانە، بۆ نموونە: وڵاتی شام لەسەر دەستی چەند سوپایەك فەتحکرا کە لە مەدینەوە نێردرا بوون، دابەش کرا بۆ پێنج یەکەی کارگێڕی کە بریتی بوون لە یەکەکانی دیمەشقو فەلەستینو ئوردونو حیمصو قەنسەرین، داهاتی هەموو شوێنێکیش لەو شوێنانە تایبەت دەکرا بۆ ئەو سەربازانەی کە فەتحیان کردووە، بۆ نموونە: دوورگەی فوراتی لە لایەن هێزەکانی قەنسەرین و حیمصەوە فەتح کرا بۆیە بە پاشکۆ ژمێردرا، تا ئەو کاتەی ناوچەی

---

١) الطبراني: التاريخ ٢: ١٩٤٩، وصالح العلي: الدولة في عهد الرسول ﷺ ٥٨٨.

قەنسەرین دابڕا لە ناوچەی حمیص لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویە ئیتر کرایە سەر بە قەنسەرین.

لە عێراق بە هۆی تێشکانی هەوڵی داگیرکردنی ناوچەی فارس لە لایەن بەحرێنەوە لەبەر هەندێ پێویستی ئیستراتیجی (جەنگ لەگەڵ فارسەکان وای دەخواست ئاوڕ لە ئاڕاستەی فارس بدرێتەوە وێڕای ئاڕاستەی مەدائین) مەڵبەندێك بۆ جەنگاوەرەکان داهێنرا لە لای ناوچەی ئەبوللەوە جگە لەو مەڵبەندەی هەبوو لە کووفە، زۆربەی ناوچەی سەوادیش پاشکۆ بوو بۆ جەنگاوەرانی کووفە، لەوانەی بەشداری جەنگی قادسیەیان کردبوو، سەرتا هیچ شوێنێك سەر بە بەصرە نەبوو، جگە لە رەشەخاك (سەواد) نەبێت، بەڵام دواتر کە ئەهواز و فارسو ئەمجا خۆراسان لە رێگەی سەجستان فەتح کران لەسەر دەستی جەنگاوەرانی بەصرە لە ولایەتی عەبدوڵڵای کوڕی عامر، ئەوانە هەمووی لە رووی ئیداری یەوە کران بە پاشکۆی بەصرە.

سەبارەت بە ناوچە شاخاوی یەکان (رۆژئاوای ئێران) فەتحکران لەلایەن جەنگاوەرانی کوفە بە پلەی یەکەم و زۆربەشیان کرانە سەر کوفە، لەگەڵ ئەوەی کە میصر سەرەتای دەسبەسەراگیرانی لەسەر دەستی ئەو جەنگاوەرە رەوانەکراوانە بوو لە شامەوە، بەڵام ئەو هێزەی میصری داگیر کرد لەشاری مەدینەوە نێردرابوون، بەم شێوەیەش ـ میصر ـ وێڕای کولتووری ئیداریی بوو بە ویلایەتێکی سەربەخۆ، کاتێك هێزەکانیشی دەستیان گرتە سەر بورقە (دواتر جێگای تریش) هەمووی بوو بە پاشکۆی میصر.

فتوحات لە سەردەمی ئەبوبەکر دەستی پێکرد، لە سەردەمی عومەریش گەیشتە چلەپۆپە، بەڵام لە سەردەمی عوسمان هەندێ سنووردار بوو، عومەر رۆڵی سەرەکیی بینی لە رێکخستنی مامەڵەی شارە دەست بەسەراگیراوەکان.[1]

سیاسەتی شەرعیی وەرگیراو لە ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ وا دەخوازێ کە گونجاوترین کەس لە سەر ویلایەتەکان بەکاربهێنرێت، ئەگەرچی لە ناو خەڵکدا هەبێت لە ئەو زاناترو ئیماندارتر،[2] قورئان گرنگترین

١) الدوري: الجزيرة العربية في عهد الخلفاء الراشدين ص١٩٢ (توێژینەوەیەکە لە توێژینەوەکانی (ندوة الجزيرة العربية الملك السعود).

٢) ابن تيمية: السياسة الشرعية ٦، پێغەمبەر ﷺ عوسمانی کوڕی عاصی دانا وەکو فەرمانڕەوا لەسەر (ثقيف)، چونکە بینی ئەو سوورە لەسەر تێگەیشتنی لە ئایینو فێربوونی قورئان، ئوسامەی کوڕی زەیدیشی دانا وەکو سەرکردە بۆ سوپایەکی گەورە کە ئەبوبەکرو عومەرو گەورە هاوەڵانی تێدا بوو، هەروەها خالیدی کوڕی وەلیدی کرد بە سەرکردەی سوپایەك کە

دوو خاسیەتی پێسپێرانی کاروباری باسکردووە (ان خير من استأجرت القوى الامين)،[1] واتە: باشترین کەس بیگری بە کرێ ئەو کەسەیە کە بەهێزو دەست پاك بێت.

هێزیش دەگۆڕێ بە پی جیاوازیی لێپرساوێتی بۆ نموونە لێپرساوێتی سەربازیی پێویستی هەیە بە نەبەردییو شارەزای لە جەنگو هونەرەکانی، لێپرساوێتی سیاسیش پێویستی بە زانیاریی، بە دادوەریی و زانینی حوکمەکانی شەرعو توانای جێبەجێکردنیان هەیە.[2] کەم جاریش ئازایو دەستپاکیی یەکدەگرن لای خەڵکیی، بۆیە پێویستە لەسەر خەلیفە بگەڕێ بە دوای ئەو کەسانە، ئەرکی سەرشانیشێتی گونجاوتر ئەمجا گونجاو دابنێ ئەگەر کەسێکی دەستنەکەوت هەردوو خاسیەکەی تیادا بێت.[3]

ئەوەیش تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە زۆربەی فەرمانڕەواکان لە سەردەمی خەلیفە راشیدەکان لە هاوەڵان بوون، چونکە ئەوان لەلایەکەوە هەندێ خاسیەتو توانایان تیادابوو، لە لایەکی تریشەوە بە هۆی متمانەی خەلیفە بە ئەوان و رێزی خەڵکی بۆیان کە دەبێتە مایەی بە گوێکردنو پشتگیری کردنیان.

والیانی سەردەمی راشیدی بە دینداریيو گوێنەدان بە دونیا دەناسران، وەکو سەعیدی کوڕی عامیری کوڕی جەڕاح، ئەبوموسای ئەشعەریی، هەندێ لەمانەش دووچاری قەرزکردن دەبوون بۆ دابینکردنی پێویستی خواردەمەنی،[4] هەرگیز داوای لێپرساوێتیشیان نەکردووە بە هۆی نەهی شەرعی لە داواکردنی، بەڵکو پۆزشیان دەهێنایەوە لەوەرگرتنیو ئومێدیان وابوو قوتاریان بێت لە لێپرسیراوێتیو داوای لێبوردنیان دەکرد لە بەردەوام بوون[5].

هاوەڵە دێرینەکانی تیادا بوو لە کاتی فەتحی مەککە... ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی گونجاوترو بە تواناتر پێشدەخرێت ئەگەرچی کەسی باشتریش هەبێت لەوان لە رووی دینداریيو زانستو ئیمانەوە.

١) القصص ٢٦.

٢) إبن تيمية: السياسة الشرعية ١٤، ١٥.

٣) إبن تيمية: السياسة الشرعية ١٨.

٤) عبدالعزيز ابراهيم العمري: الولاة على البلدان ٢: ٥٢ـ ٥٣، والازدي: فتوح الشام ١٢٢ـ ١٢٣.

٥) عبدالعزيز ابراهيم العمري: الولاة على البلدان ٢: ٥٤ والبلاذري: فتوح البلدان ٢١٤، والطبري: تأريخ.

خەلیفە راشیدەکانیش شوێنەواری هەموو ئارەزووییەکیان سڕی یەوە لە کاتی دانانی فەرمانڕەواکان، بەڵکو رەچاوی بەرژەوەندی گشتی یان دەکرد، تەنانەت عومەری کوڕی خەتتاب ئەبو مەریەمی حەنەفی دانا لەسەر دادوەری بەصرە، لە کاتێکدا بکوژی زەیدی برای بوو لەشەڕی یەمامەدا،[1]

فەرمانڕەوایش لەسەر هەرێمێك پەیوەست نەبوو بە کاتەوە، بەڵکو پەیوەست بوو بە سەرکەوتنی ئەو فەرمانڕەوایەو بارودۆخی جێگای لێپرسراوێتی، بۆیە هەندێ فەرمانڕەوا ماوەی مانەوەیان درێژخایەن بوو وەکو موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، کە گەیشتە بیست ساڵ، هەندێکیشیان لە ساڵێك کورتتر بوو، خەلیفەیش پابەند نەدەبوو بە هێشتنەوەی فەرمانڕەواکانی پێشوو، هەندێکیانی دەهێشتەوەو هەندێکیانی لا دەدا، راسپاردەی عومەریش بۆ خەلیفەی دوای خۆی ئەوەبوو "الا یقر لي عامل أكثر من سنة، واقروا الاشعري اربع سنين".[2] واتە هیچ فەرمانڕەوایەکی من زیاتر لە ساڵێك لەسەر کارەکەی نەمێنێتەوە، بەڵام ئەبوو موسای ئەشعەری با چوار ساڵ بمێنێتەوە، ئەشعەری بۆ چەندین جار ویلایەتی کووفەی وەرگرت تا کۆتای خیلافەتی عوسمان.

ئەو والیانەی کە لادەبران لە کارەکانیان بەردەوام دەبوون تا گەیشتنی والی تازە. دیوانە هەرێمی یەکان کە بەشێك بوون لە دیوانی سەربازی لە ژێر چاودێری راستەوخۆی والی هەرێمدا دەبون، سەرچاوەکانیش لە ژێر ناوی سەرکردەی جەنگ باسیان کردووە.[3]

یەکێ لە ئەرکەکانی والی پاراستنی ویلایەتەکەی بوو لە دوژمنە هاوسنوورەکانی بەبێ چاوەڕوانکردنی ڕێگەپێدانی خەلیفە، بە پێچەوانەی ئەوەی دەسپێشکەری هێرشی بکردایە، ئەوە پێویستی بوو بە ڕێگەپێدانی خەلیفە.[4]

ئەرکێکی تر لە ئەرکەکانی قایمکردنی سنوورەکان و دەستەبەرکردنی سەربازانو بەدواداچوونی هەواڵی دوژمنانو راهێنانی هەرزەکاران لەسەر سوارچاکیو مەلەوانیو تیرئەندازی بوو.[5]

١) وكيع: أخبار القضاة١: ٢٦٩.

٢) البلاذري: فتوح البلدان ٣٢٢، والذهبي: سير أعلام النبلاء: ٢: ٣٩١.

٣) السلومي: ديوان الجند ٢٤٥.

٤) بڕوانە: ڕووداوی لابردنی عەلائی کوڕی حەزرەمی لەسەر بەحرێن بە هۆی هێرشکردنی بۆ سەر هەرێمی فارس بەبێ ڕێگەپێدانی خەلیفە عومەر.

٥) محمد حميد الله: الوثائق السياسية ٤٨٦.

بەهەمان شێوە بەرپرس بوون لە دانانی کاربەدەستانو فەرمانبەران لە هەرێمەکانیانو لێپرسینەوەیان، گرنگیشیان دەدا بە راوێژکردن بە شارەزایانی کاروباری هەرێمەکان لەسەر داواکاری خەلیفە،[1] سەرپەرشتی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمەکانیان دەکرد، وەکو کەندنی رووبارەکانو دروستکردنی پردو نەخشەکێشان بۆ شارەکانو خۆشکردنی رێگاوبانو دروستکردنی مزگەوتو بازاڕو دابینکردنی ئاوو تایبەتکردنی زەوی بۆ دروستکردنی خانوو بۆ دانیشتوان، هەروەها زیندووکردنەوەی بیابانەکان بە مەبەستی فراوانکردنی زەوی یە کشتوکاڵی یەکان.[2]
جگە لەمانەش بەرپرس بوو لە کاروباری دارای لە ویلایەتەکەی، چونکە لە سەردەمی عومەر (رەزای خوای لێبێت) (بیت المال) سەری هەڵدا لە شارو شوێنەکان، بەڵام لە هەندێ لە ویلایەتەکاندا عومەر وازی هێنا لەوەو فەرمانبەرێکی تایبەتی دادەنا بۆ (بیت المال)، بۆ نموونە ئەنەسی کوڕی مالیك بەرپرسی دارای بەصرە بوو لەسەردەمی فەرمانڕەوای ئەبوموسای ئەشعەری،[3] هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود هەمان کاری پێسپێردرابوو، عوسمانی کوڕی حونەیفیش لە سەر باجو داهات بوو لەویلایەتی عەمماری کوڕی یاسر لەسەر کوفە،[4] بەهەمان شێوە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لێپرساوی (بیت المال) بوو لە سەردەمی سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس لە کوفە،[5] هاوکات هەندێ لە فەرمانڕەواکان لێپرساوی دارایو سەرانە بوون لە چەند هەرێمێکدا، وەکو شورەحبیلی کوڕی حەسەنە لە ئوردونو موعاویەی کوڕی ئەبوسفیان لە شامو عەمری کوڕی عاص لە میصر.[6]
خەلیفەکان هەڵدەستان بە ئامۆژگاریکردنی فەرمانڕەواکان و ئاراستەکردنیانو بیرخستنەوەیان بە بەها ئیسلامی یە بڵندەکان و فەرمانڕەوای نەکەنە رێگایەك بۆ دەوڵەمەندی، بەڵکو دابڕێن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خەڵکیی لە رووی ئاینیو دونیاوە، چونکە فەرمانڕەوای سپاردەیەکی ترسناکەو کەموکوڕی لە هەڵسان بە ئەرکەکانی ناپاکی یە بەرانبەر نەتەوە، لە فەرموودەشدا هاتووە:

---

١) محمد عبدالقادر خريسان: عمر بن الخطاب والولادة، العدد ٢٥، مجلة المؤرخ العربي.
٢) عبدالعزيز ابراهيم العمري: الولاية على البلدان ٢: ٨٠ـ ٨١ والبلاذري: فتوح البلدان ١٥٥، ٢٧٣، ٣٥١، ٣٥٢.
٣) القاسم بن سلام : المول ٥١٦.
٤) أبو يوسف: الخراج ٤٠.
٥) خليفة: التاريخ ١٤٩.
٦) عبدالعزيز ابراهيم العمري: الولاية على البلدان ٢: ٩٥.

"ما من وال يلي رعية من المسلمين فيموت وهو غاش لهم، الا حرم الله عليه الجنة". واتە: هیچ فەرمانڕەوایەك نابێتە فەرمانڕەوای کۆمەڵێك لە موسڵمانان و دوای بمرێت و تەڵەکەی لیان کردبێت، بێجگە لەوەی خوای گەورە بەهەشتی لێ قەدەغە دەکات.[1]

کاتەکانی سەردان کردنی والی دەستنیشان نەکرابوو، بەڵکو دەرگای کراوە بوو بۆ خەڵکیی، کاتێکیش سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص دەرگای دانا بۆ ماڵەکەی، عومەری کوڕی خەتتاب زۆر توڕە بوو و موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی نارد و فەرمانی پێکرد دەرگاکە بسوتێنێ، چونکە مەترسی ئەوەی بوو ببێتە هۆکارێك بۆ خۆشاردنەوەی لە پێویستی یەکانی خەڵك.[2]

فەرمانڕەواکان ملکەچی چاودێریی‌و لێپرسینەوەی خەلیفەکان بوون، عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی نارد وەکو پشکنیار لە سەریان، عوسمانیش ڕەزای خوای لێبێت هەر وایدەکرد، نامەنێری کارێکی بەردەوام بوو لە نێوان خەلیفەکانو فەرمانڕەواکان سەبارەت بە کاروباری کارگێڕیی‌و دادوەریی‌و پلانی سەربازیی، کۆبوونەوەی ساڵانەش لە نێوان خەلیفەکانو فەرمانڕەواکانیان لە وەرزی حەجدا رووی دەدا، خەلیفەکان بە خۆیشیان سەردانی هەندێك لە ویلایەتەکانیان دەکرد، عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) چەند جارێك سەردانی شامی کردووە، بەشێوەیەکی کتوپڕ و بێ ئاگادارکردنەوە سەردانی فەرمانڕەواکانی دەکرد، نیشازیشی هەبوو سەردانی هەموو ویلایەتەکان بکات بە مەبەستی بەسەرکردنەوەو زانینی پێویستی یەکانیان،[3]

عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لێپرسینەوەی فەرمانڕەواکانی دەکرد ئەگەر ستەمیان لە کەسێك لە ژێردەستەکانی خۆیان بکردایە،[4] ڕاشیگەیاند بوو کە زۆر ئاسانە بەلایەوە سەرکردەیەك بە یەکێکی تر بگۆڕێت ئەگەر بەرژەوەندی هەرێمەکە لەوەدا بێت[5] هەندێکیشیانی لابرد لەبەر نەزانینیان بۆ هەندێ حوکمەکانی شەرع، یان لەبەر ستەمکردنیان لە یەکێك لە خەڵکیی.[6]

---

١) البخاري: الصحيح ٨: ١٠٧.

٢) البلاذري: فتوح البلدان ٢٧٧، والطبري: تاريخ ٤.

٣) عمر بن شبة: تأريخ المدينة ٣: ٨٢١.

٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣: ٨٠٧، ٨٠٨، ٨٠٩، ٨١٣.

٥) هەمان سەرچاوە ٣: ٨٠٥.

٦) القاسم بن سلام: الاموال ٦٣، ٦٤ وعمر بن شبة: تاريخ المدينة ٣: ٨١٨، وابن تيمية: السياسة الشرعية ١٠٥.

عوسمانیش بە هەمان شێوە هەندێ لە فەرمانڕەواکانی لابرد بە هۆی ناحەزی خەڵکی ئەو دەڤەرە بۆ ئەو فەرمانڕەوایانە،[1] یان لەبەر ئەنجامدانیان بۆ گوناهێك کە مایەی جێبەجێکردنی (حد)ی شەرعی بوایە.[2] چونکە ئەوان پێویستە پێشەنگ بن بۆ خەڵکانی تر.

فەرمانڕەواکان ملکەچی چاودێری بوون، لە سەر ماڵو سامانەکانیان لە کاتی فەرمانڕەوای و لابردنیان، عومەر نیوەی ماڵی هەریەك لە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصو ئەبوهورەیرەو عەمری کوڕی عاصی لێوەرگرتنەوە، چونکە بەلایەوە وابوو ئەو پارانەیان لە ڕێگەی ئیش پێکردنیەوە دەستکەوتووە لە مەڵبەندی فەرمانڕەوای یەکانیان.[3]

فەرمانڕەواکان لە سەردەمی ئەبوبەکر:

ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمانڕەواکانی پێغەمبەر ﷺی هێشتەوە لە شوێنەکانی خۆیان، بەڵام دوای جێگیربوونی بارودۆخ لە یەمەنو زاڵبوون بەسەر مورتەدەکان، هەڵسا بە ئەنجامدانی هەندێ دەستکاری و ڕاستکردنەوە، بۆ نموونەی عوبەیدەی کوڕی سەعدی لەسەر کیندە دانا لە حەزرەمەوت و سەکاسیك،[4] هەروەها جابری کوڕی عەبدوڵڵای بەجەلی لەسەر نەجران[5]و عەبدوڵڵای کوڕی سەور لەسەر جوروش[6] دامەزراند، لەپاش لەناوبردنی پاشگەزبوونەوەیەکی عومانیش هەڵسا بە دانانی عیکرەمەی کوڕی ئەبوجەهلو دواتریش ئاڕاستەی کرد بۆ جەنگی پاشگەزبووەکانی یەمەنو حوزەیفەی کوڕی موحصینی عەلقانی لەسەر دانا.[7]

بە هۆی فەتحکردنی دەومەتولجەندەلیش هەڵسا بە دانانی عەیازی کوڕی غەنەمی فیهری[8] لەسەری، هەروەها ئەبوبەکر هەڵسا بە چەسپاندنی ئەوانەی کە هەڵدەستان بە کۆکردنەوەی صەدەقە لە

---

١) وەکو ئەوەی کردی لەگەڵ سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص.

٢) وەکو ئەوەی کردی لەگەڵ وەلیدی کوڕی عوقبە.

٣) القاسم بن سلام: الاموال ٣٤٢، وابن عبدالحكم: فتوح مصر ١٤٩، والبلاذري: فتوح البلدان ٢٣١.

٤) الطبري: تاريخ ٣: ٣٤١، وابن حجر: الاصابة ٢: ٤٥٠.

٥) الطبري: تاريخ ٣: ٤٢٧.

٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧) خليفة: التاريخ ١٢٣، والطبري: تأريخ ٣: ٣١٤، ٣١٥، وابن عبدالبر: الاستعاب ١: ٢٧٨، ٣: ١٤٩.

٨) الطبري: تاريخ ٣: ٤٢٧.

ویلایەتو هۆزەکان، لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ[1] سەرکردەی سوپاکان بە هەمان شێوە هەموویان لە هاوەڵان بوون (ڕەزای خوایان لێبێت)[2] ئەبوبەکر دەیفەرموو: "ما احد أحق بالعمل من عمال الرسول ﷺ".[3] واتە: کەس لەوانەی پێغەمبەر ﷺ داینا‌ون مافدارتر نی یە بۆ کارکردن، بەڵکو لەو سەردەمە هاوەڵ نەبێت کەس بەکارنەدەهێنرا بۆ لێپرسراوێتی.[4]

لیستێك بە ناوی فەرمانڕەواکانی ئەبوبەکر لەسەر شارەکان[5]:

١ـ عەتتابی کوڕی ئوسەید (مەککە).

٢ـ عوسمانی کوڕی ئەبوعاصی سەقەفی (تائیف).

٣ـ عەلائی کوڕی حەزرەمی (بەحرێن).

٤ـ حوزەیفەی کوڕی موحصینی عەلقانی (عومان).

٥ـ سەمورەی کوڕی عەمری عەمبەری (یەمامە).

٦ـ موعازی کوڕی جەبەل (یەمەن ـ سەرپەرشتیاری گشتیی لەسەر فەرمانڕەواکان جگە لە بەڕێوەبردنی ویلایەتی جەنەد).

٧ـ موهاجیری کوڕی ئەبو ئومەیە (سەنعاو دەوروبەری، جار جارەش صەدەفو کیندە).

٨ـ زیادی کوڕی لەبیدی بەیازی (کیندەو حەزرەمەوت).

٩ـ جەریری کوڕی عەبدوڵڵای بەجەلی (نەجران).

١٠ـ فەروەی کوڕی مەسیکی مورادی (موراد مەزحەج).

١١ـ عوکاشەی کوڕی موحصینی ئەسەدی (سەکاسیكو سکون).

١٢ـ خالیدی کوڕی وەلید (عێراق).

١٣ـ موسەننای کوڕی حاریسەی شەیبانی (عێراق).

١٤ـ زوبورقانی کوڕی بەدر (ئەنبار).

١٥ـ عەیازی کوڕی غەنەم (دەومەتولجەندەل).

---

١) عبدالعزیز بن سلیمان المقبل: خلافة أبي بكر الصديق ٩٤ـ ٩٥.

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ٩٦ـ ٩٧، ١٠٣.

٣) ابن عبدالبر: الاستعاب ١: ٤١٠.

٤) ابن حجر: الاصابة ٢: ٢٢٣، ٢٨٦.

٥) خليفة: التاريخ ١٢٢ـ ١٢٣، والطبري: تاريخ ٣: ٤٤٧.

١٦- ئەبوعوبیدەی عامیری کوڕی جەڕاح (سەرکردەی سەرکردەکانی شام لەگەڵ فەرمانڕەوای حیمص بە تایبەت).

١٧- ئەبوموسای ئەشعەری (زەبیدو رەمەعو عەدەنو ساحیلی و یەمەن).

١٨- یەعلای کوڕی ئومەیە (خەوەلان).

١٩- سولەیتی کوڕی قەیس (یەمامە).

٢٠- عەبدوڵلای کوڕی سەور (جوروش).[١]

٢١- خالیدی کوڕی وەلیدی مەخزومی (سەرکردەی سەرکردەکانی شام).

٢٢- عەمری کوڕی عاص (فەلەستین).

٢٣- شورەحبیلی کوڕی حەسەنە (ئوردون).

٢٤- یەزیدی کوڕی ئەبوسوفیان (دیمەشق).

تیبینی دەکرێت لەسەر ئەم لیستەی کە والی شارەکانی عێراقو شام لە راستیدا سەرکردەی سەربازی بوون هەڵدەستان بە بەڕێوەبردنی شوێنە فەتحکراوەکانو بە فەرمانی یەك سەرکردەی گەورە ئیشیان دەکرد لە عێراقو یەکێکی تر لە شام.

فەرمانڕەوای لە سەردەمی عومەر:

ئەرکی فەرمانڕەواکان خۆی دەبینی لە بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوای یەکە بەپێی فەرمانەکانی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی ئیسلام لە رێگەی فێرکردنی خەڵکیو چەسپاندنی دادوەرییو کۆکردنەوەی داهات (فئ)و یارمەتیدانی سوپا بە ناردنی جەنگاوەر، چی لە شەڕەکانی پاشگەزبوونەوە، یان فتوحات،[٢] رێکخستنی فەرمانڕەوایو سەرپەرشتی لە سەر دادوەرییو فەرمانبەرەکانی تر، عومەری کوڕی خەتتابیش لە وتارێکی هەینی دا باسی لە ئەرکی فەرمانڕەواکان کردو فەرمووی: "اللهم إني أشهدك على أمراء الامصار اني إنما بعثتهم ليعلموا الناس دينهم وسنة نبيهم وان يفسحوا فيهم فيئهم، وان يعدلوا فان اشكل عليهم شيء رفعوه

---

١) جوروش: شارێکە لە باکووری نەجران لە سەرووی دۆڵی بیشە نزیك خەمیس مەشیت (الاكوع: البلدان اليمانية ٧٥، والبلاذري: بين مكة وحضرموت ٥٢، ٥٣).

٢) البلاذري: فتوح البلدان ١١٥.

الي"." [1] واتە: خوایەگیان، تۆ شایەتبە کە من سەرکردەی شارەکان لەبەرئەوە ناردوومن خەڵکیی فێری دینەکەت و سوننەتی پێغەمبەرەکەت بکەن، بۆ ئەوەش کە داهاتەکانیان بەسەردا دابەش بکەن، جا ئەگەر شتێکیان بەلاوە گرفت بوایە بەرزیان دەکردەوە بۆم.

جارێکی تریش لە وتارێکدا فەرمووی: "خەڵکینە، من ئەو فەرمانڕەوایانەم ناردووە بە دروستی هەڵسن بە کارەکانیان، نەمناردوون لە پێستەکانتان بدەن، یان بتانکوژن یان ماڵەکانتان بخۆن، بەڵکو دەیاننێرم بۆ ئەوەی فێری دین‌و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ تان بکەن، ئەگەر کەسێك جگە لەمانە شتێکی لەئەوان بینی، با ئاگادارم بکاتەوە، ئەگەر کەسێکیش مافێکی هەیە لەلایان با قسە بکات مافەکەی بۆ وەربگرمەوە، من بە چاوی خۆم بینیم پێغەمبەر ﷺ مافی لە خۆی سەندەوە بۆ کەسێك. [2]

کاتێکیش فەرمانڕەواکان لە وەرزی حەج کۆبوونەوە، بە ئامادەبوونی ئەوان وتارێکی داو فەرمووی: خەڵکینە، ئێمە مافێکمان لەسەرتان هەیە ئەویش ئەوەیە ئامۆژگاریمان بکەن دوو بە دوو، هاوکاریشمان بکەن لەسەر چاکە، ئەی بەرپرسان: خەڵکی مافێکیان لەسەرتان هەیە، دڵنیا بن هیچ هێمنی‌و لەسەرخۆی یەك نی یە خوازراو و سوود فراوان بێت ئەوەندەی هێمنی‌و لەسەرخۆی کاربەدەستێك، هیچ نەفامی یەکیش لای خوا دزێوو بەدفەساڵ نی یە ئەوەندەی نەفامیی سەرکردەیەك، ئەوە بزانن کە کەسێك داوای سەلامەتی بکات بۆ ئەوانەی لە دەوروبەرین، خوای گەورە لە ئاسمانەوە سەلامەتی بەسەردا دادەبەزێنێ". [3]

عومەر دەیزانی کە بەرپرسیارە لە شێوزای بەڕێوەبردنی فەرمانڕەواکانی، بۆیە ئەوەی ڕووندەکردەوەو دەیفەرموو: "أيما عامل لي ظلم أحداً وبلغتني مظلمته ولم أغيرها فانا ظلمته". [4] واتە: هەر

---

١) ابن سعد: الطبقات ٣: ٢٩٣ـ ٢٩٤، واحمد: المسند ١: ٤٨ـ ٤٩. وابن شبة: تاريخ المدينة ٣: ٨٠٦ـ ٨٠٧، والطبري: تاريخ ٢: ٥٦٧. والاثر صحيح، هەروەها بڕوانە: نامەکەی بۆ خەڵکی بەصرە کاتێك ئەبوموسای ئەشعەریی کردە فەرمانڕەوایان (الطبري: تاريخ ٤: ٢٠٧).

٢) الطبري: تاريخ ٤: ٢٠٤، وابن الجوزي: مناقب عمر ٩٤، وابن تيمية: السياسة الشرعية ١٥٠، ومحمد حميد الله: الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة ٤٠٦.

٣) ابن الجوزي: مناقب عمر ٧٩.

٤) المصدر السابق ١١٦.

لێپرسراوێك من دامنابێتو ستەم لە کەسێك بکات و من ئاگادار بم لە ستەمەکەیو مافی بۆ وەرنەگرمەوە ئەوە من ستەمم لێ کردووە.

بەپێی ئەم وتارانەش فەرمانڕەوا دەبێت هەڵسێ بە ئەرکە ئاینیو دونیای یەکانی پێکەوە، جگە لەوەش دەسەڵاتی فراوانی هەیە لە نێو فەرمانڕەوایەتی خۆی، ناشگەڕێتەوە بۆ لای خەلیفە تەنها لە گرفتی گەورەو ناهەمواردا نەبێت، بێگومان هەڵسانی فەرمانڕەواکان بە پێشنوێژیی خەڵكو وتارخوێندنەوەی ڕۆژی هەینی پایە یانی بەهێزتر دەکردو سەرکردایەتی ئاینیو سیاسی تیایدا یەکدەخست، هەروەها هەڵسانیان بە سەرکردایەتی سوپاکانی فەتح ڕێزو گوێڕایەڵی خەڵکی بۆ دەستەبەر دەکردن، کاتێکیش خەلیفەیەکی تریش تازە بهاتبا، فەرمانڕەواکان بەیعەتیان لە خەڵکی بۆ وەردەگرت، یەکێ تریش لە ئەرکەکانیان ئەوەبوو زەکات کۆبکەنەوەو بۆ هەژاران خەرجی بکەن، ئاسایش بۆ خەڵکی مسۆگەر بکەنو سنوورە شەرعی یەکان جێبەجێ بکەن، کاتێکیش فەرمانڕەوا بە لایەکدا بڕۆشتایە کەسێکی لە جێگای خۆی دادەنا.[1]

پەیوەندیش لە نێوان خەلیفە لە مەدینەو فەرمانڕەوا لە شارەکان لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی نامەوە ئەنجام دەدرا، جاری واش هەبوو خەلیفە دەینارد بە دوای هەندێ لە فەرمانڕەواکانی بۆ مەیدنە، یان نوێنەرێکی خۆی دەنارد بۆ لایان بۆ ئاگاداربوونی ڕاستەوخۆ لە کاروباری ئەو ویلایەتانە، موحەممەدی کوڕی مەسلەمەش هەڵدەستا بە کاری پشکنێری لەسەر فەرمانڕەواکان لە سەردەمی عومەر،[2] هەروەها عومەر بایەخی دەدا بە کۆکردنەوەی فەرمانڕەواکان لە مەکە لە وەرزی حەجدا بە مەبەستی وتووێژکردن لەگەڵیاندا دەربارەی بارودۆخی خەڵکیی،[3] بەڵکو خودی عومەر هەڵسا بە بەسەرکردنەوەی ڕەورەوەی فەرمانڕەواو سەرکردەکان لە شام کاتێك سەردانی بەیتەلموقدیسی کرد بۆ سپاردنی کلیلەکانیو سووریش بوو لەسەر سەردانکردنیان لە ماڵەکانیان بۆ ئەوەی بە چاوی خۆی ببینێ تا چەند پەیوەندیان لەگەڵ دونیاو پارەدا هەیە، کاتێکیش بینی ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح چۆن دەستی لە دونیا هەڵگرتووە و جلوبەرگو خواردنەکەی بینی، دەستی لە ملی کردو فەرمووی:

---

١) عبدالعزيز ابراهيم العمري: الولاية على البلدان في عصر الخلفاء الراشدين ٦٠.

٢) البلاذري: فتوح البلدان ٢٢١، وابن عبدالحكم: فتوح مصر واخبارها ١٤٦.

٣) أبو يوسف: الخراج ١١٦ وقارن الطبري: تاريخ ٤: ٢٠٤.

"ما من أحد من أصحابي الا وقد نال من الدنيا ونالت منه، غيرك" واتە کەسێك نی یە لە هاوڕێکانم دونیا نەیگۆڕیبێت تەنها تۆ نەبێت ئەبوعوبەیدە.[1]

چاودێری بەرپرسان و فەرمانڕەوایان :

فەرمانڕەوای سەر شارەکان ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبوون هەرکاتێك ماڵو سامانیان زیادی بکردایە بە شێوەیەکی زۆر، لەبەر مەترسی بەگەڕخستنتی دەست ڕۆیشتنیان لەگەشە پێکردینی ماڵەکانیان، با مەبەستیشیان ئەوە نەبێت، بەڵکو خەڵکیی مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ دەکردن لە پێناو پلەوپایەکەیان.

عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) جارێك پرسیاری لە ئەبوهورەیرە کرد کە فەرمانڕەوای بەحرێن بوو، چۆن دە هەزار درهەمت کۆکردەوە؟ ئەبوهورەیرە لە وەڵامدا وتی: ماینەکانم زاوزیان کردو خەڵاتم زیادی کردو بەشەکانم بە دوای یەکدا هاتن، ئەو کاتە عومەر فەرمانی کرد هەمووی لێوەرگیرایەوە.[2]

عومەر حیسابی دەکرد بۆ ئەو دیاری یانەی فەرمانڕەواکان دەستیان دەکەوت لە خەڵکیی، هەروەها خۆ نزیککردنەوەی خەڵکیی لە ئەوان لە مامەڵە دارای یەکاندا وەکو کڕینو فرۆشتنو بەکرێدانو کشتوکاڵ، هەر بۆیە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) نیوەی موڵکی ژمارەیەك لە فەرمانڕەواکانی وەرگرتەوە کە ئەوان خاوەنی چاکەو دینداریىو دەستپاکی بوون، لەبەرئەوە مامەڵە تایبەتەی خەڵکیی بۆی دەکردنو تۆمەتباریانی نەکرد بە ناپاکی.[3]

بەم شێوەیەش لێپرسینەوەی کرد لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلید ـ سەرکردەی بەرەی شام ـ لەسەر دەستکاری یکردنی بۆ ماڵی گشتیی و فەرمووی: من داوای لێبوردن ئەکەم لەوەی کە خالید کردی، من فەرمانم پێکردبوو ئەو ماڵو سامانە تەرخان بکات بۆ کەمدەستو هەژاران، بەڵام دابەشی کرد

---

١) الازدي: فتوح الشام ٢٥٥، ٢٥٦.

٢) أبو عبيد: الاموال ٢٨٢ـ ٢٨٣، وابن سعد: الطبقات ٤: ٣٣٥، وابن زنجويه: الاموال ٢: ٦٠٥ـ ٦٠٦، والبلاذري: فتوح البلدان ٩٣ـ ٩٤ والاثر صحيح، وانظر روايات ضعيفة في محاسبة سعد بن أبي وقاص وأبي هريرة (إبن سعد: الطبقات الكبرى ٣: ٣٠٧ وابن زنجويه: الاموال ٢: ٦٠٤ـ ٦٠٥) ومحاسبة عمرو بن العاص (البلاذري: فتوح البلدان ٢٢٠ـ ٢٢١ من كلام ابن المبارك (ت ١٨١ ه) بدون اسناد.

٣) ابن تيمية: السياسة الشرعية ٦٨ـ ٧٠ بتصرف.

بە دەسەڵاتدارو ناسراو قسەزانەکاندا، بۆیە ئەوم لە فەرمانڕەوای لابردو ئەبوعوبەیدەم لە جێگەی دانا.[1]

وەکو ئاشکرایە چاودێریی دارای بو بە مایەی لابردنی مەزنترین سەرکردە سەربازی یەکانی موسڵمانان، سەرەڕای ئەوەی کە کۆششی کردبوو لە دەستکاری ئەو پارانە بەو شێوەی کە بەرژەوەندیی تیادا دەبینی.

سەلمێنراویشە کە عومەر (رەزای خوای لێبێت) سزای ئەنەسی کوڕی مالیکی داوە، بەهۆی کەمتەرخەمی لە پاراستنی شەش هەزار درهەم لە ماڵی گشتی بە ئەسپەردە لای دانرابوو، بۆیە پی قەرەبوو کردەوە، لە ریوایەتەکەش ئەوە دەردەکەوێت کە عومەر هەستی بوونی کەمتەرخەمی کرد لە پاراستنیدا نەك ئەنەسی تۆمەتبار کردبێت.[2]

عومەر (رەزای خوای لێبێت) لێپرسینەوەی لەگەڵ فەرمانڕەواکانی دەکرد دەربارەی سەروەتەکانیان، ئەگەر بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی بکردایە لەوکاتەی دامەزراندبوون نیوەی لێوەردەگرتنەوە،[3] بەبێ ئەوەی تۆمەتباریان بکات بە ناپاکی، بەڵکو لەبەرئەوەی باوەڕی وابوو فەرمانڕەوای ئەوان لەسەر هەرێمێك رێگای گەشەپێکردنی ماڵەکانیان بۆ ئاسان دەکات، فەرمانڕەواکانیش لەسەردەمی عومەر خۆیان لە فەرمانڕەوای لا دەدا، هەندێکیشیان داوایان دەکرد لیانگەڕێت لەو بەرپرسێتی یە.[4]

عومەر پی وابوو فەرمانڕەوا مافی خۆی نی یە خۆشگوزەرانی بکات لە پارەو ماڵی گشتیی بەبێ خەڵکیی، جارێکیشیان تووڕە بوو لە فەرمانڕەوای ئازەربایجان عوتبەی کوڕی فەرقەد، چونکە جۆرێك شیرینی بە دیاری وەرگرتبوو سەربازەکان نەیاندەتوانی بیخۆن، بۆیە عومەر نامەیەکی بۆ نووسی: "انه ليس من كدك ولا من كد أبيك، فاشبع المسلمين فی رحالهم مما تشبع منه في رحلك

---

١)أحمد: المسند ٣: ٤٧٦، والبخاري: التاريخ الكبير ٨: ٥٤، والتاريخ الصغير ١: ٨٢، والطبراني: المعجم الكبير ٢٢: ٢٩٨- ٢٩٩، وابو نعيم: معرفة الصحابة ٢: ١٦١- ١٦٢.

٢) عبدالرزاق: المصنف ٨: ١٨٢، وابن أبي شيبة: المصنف ٤: ٣٩٨، والبيهقي: السنن الكبرى ٦: ٢٨٩- ٢٩٠ والاثر صحيح.

٣) البلاذري: فتوجح البلدان ١٢١. ابن تيمية: السياسة الشرعية ٤٦.

٤) عبدالعزيز ابراهيم العمري: الولاية على البلدان في عصر الخلفاء الراشدين ٥٤.

وایاکم والتنعم",[1] واتە: ئەوە نەرەنجی خۆتەو نە رەنجی باوکتو دایکتە، جا ئەوەی کە خۆت تێری لێدەخۆیت لە ماڵەکەتدا، با موسڵمانانیش تێری لێبخۆن لە ماڵەکانیاندا، ئامان دوورکەونەوە لە خۆشگوزەرانی.[2]

هەروەها لێکۆڵینەوەی دەکرد لەو سکالاّیانەی خەڵکی دەیکرد لە دژیان، کاتێکیش کوڕەکەی عەمری کوڕی عاص لە قیبتی یەکەی داو سکالاّکەشی گەیشتە عومەر، ویستی تۆڵە بۆ قیبتی یەکە بسێنێتەوەو رووی کردە عەمر بە قسە بەناوبانگەکەی:

"متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتم أحرارا".[3] واتە: لە کەیەوە خەڵکیتان کردووە بە کۆیلە، کە ئەوان بە ئازادی لە دایکبوون.

بەهەمان شێوە لێکۆڵینەوەی کرد لە سکالاّی یەکێك لە سەربازەکان دژ بە عەمری کوڕی عاص کردبووی کە عەمر ئەوی بە دووڕوو وەسف کردبوو، فەرمانیشی دەرکرد کە داری حەد لە عەمر بدرێت، بەلاّم سەربازەکە لی خۆش بوو.[4]

هەروەها تورەی نواند بەرانبەر بە عەمەر کاتێك حەددی مەی خواردنەوەی لە ماڵی خۆیدا[5] لەسەر عەبدوڕەحمانی کوڕی عومەری کوڕی خەتتاب جێبەجێ کرد، لە کاتێکدا پێویست بوو بە ئاشکرا لەبەرچاوی خەڵکیدا جێبەجی بکردایە، بۆ ئەوەی هەموان بەرانبەر شەریعەتی خوا یەکسان بن.

یەکێك لە رووداوە گرنگەکانیش ئەو لێکۆڵینەوە بوو کە کردی لە مەسەلەی تۆمەتبارکردنی موغیرەی کوڕی شوعبە بە زیناکردن لە کاتی فەرمانڕەوایەتی یەکەی لەسەر بەصرە، بۆیە بانگی کرد بۆ مەدینە لەگەڵ چوار شایەتەکەیدا، دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ شایەتەکان شایەتی چوارەم پاشەکشەی کرد، ئیتر داری حەددی لەسێ کەسەکە دا، بەلاّم موغیرەشی لەسەر فەرمانڕەوای بەصرە لابرد[6]، ئەبوموسای ئەشعەری لە جێگای دانا، ئەویش بە باشترین شێوە هەڵسا بە ئەرکەکانی، بە

١) مسلم: الصحيح ٣: ١٦٤٢.

٢) مسلم: الصحيح ٣: ١٦٤٢، والبيهقي: السنن الكبرى ١٠: ١٢٨.

٣) ابن اعثم الكوفي: الكوفي ٢: ٨٢، وابن الجوزي: مناقب عمر بن الخطاب ٩٩.

٤) عمر بن شبة: تاريخ المدينة ٣: ٨٠٨.

٥) عمر بن شبة: تاريخ المدينة ٣: ٨٤١.

٦) عبدالرزاق: التفسير ٢: ٥٢- ٥٣، وعبد بن حميد: التفسير، وابن المنذر: التفسير (السيوطي: الدرر المنثور ١٨: ١٣١)، والبلاذري: فتوح البلدان ٢٤١، والطبري: تاريخ ٤: ١٠٦- ٢٠٧، والذهبي: سير أعلام النبلاء ٣: ٢٧، وابن كثير: البداية والنهاية ٧: ٨٢.

سەرکردایەتی سەربازیش ناسرا بۆ سوپاکانی بەصرە لە جەنگی دژ بە فارسەکان، هەروەها بە لێهاتووی فێرکردنی قورئانو خوێندنەوەی بۆ ئەهلی بەصرە ناسرا، جگە لەوەش بە نامەنێری زۆر لەگەڵ خەلیفە، بەڵام هەموو ئەوانە رێگر نەبوون لە وەرگرتنی سکاڵای خەڵکیی دژ بە ئەبوموساو ئەنجامدانی دادپەروەریی بەرانبەر سکاڵاکاراکان،[1] سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصیش قوتاری نەبوو لە سکاڵا لەو کاتەی فەرمانڕەوای کووفە بوو، بۆ نموونە سکاڵای لێکرا کە تەلارێکی هەیەو دەرگایەکی پێوەیە نایەڵێت خەڵکیی پی بگەن، ئیتر عومەر موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی نارد و فەرمانی پێکرد دەرگاکە بسووتێنێ، سووتاندیو بە نامەیەك گەڕایەوە لەلای سەعدەوە کە تیایدا راستی مەسەلەکەی تیا روونکردۆتەوە، عومەریش رازی بوو و باوەڕی پێکرد،[2] جارێکی تریش سکاڵا کرایەوە کە سەعد نازانێت نوێژ بکات!!

کاتێك عومەر بە دوای مەسەلەکە رۆیشتو راستیی هەڵوێستەکانی بۆ دەرکەوت لە رێگەی ناردنی چەند کەسێکەوە بۆ کووفە، بینی خەڵکیی ستایشی سەعد دەکەن، بەڵام کەسێك لە هۆزی عەبس دەیووت: سەعد بە یەکسانی شت دابەش ناکاتو لە کێشەکانیشدا دادگەر نی یە و دەریش ناچێت بۆ سەرکردایەتی هیچ غەزایەك، عومەر (رەزای خوای لێبێت) قەناعەتی نەکرد بەو قسانە، بەڵام بۆی دەرکەوت کە گۆبەندو گێچەڵێك بە سەعد لە ئارادایە، بۆیە لایبردو جاڕیدا کە متمانەی لانەچووە لەسەر سەعد و فەرمووی: "إني لم اعزله لعجز ولا خيانة".[3] واتە: من ئەوم لانەبردووە لەبەر بێدەسەڵاتی، یان ناپاکی. بەم شێوەیەش خەڵکی کووفە بە هۆی ئاژاوەی هەندێکیانەوە سەعدیان لە دەست خۆیان دەرکرد.

هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکان لە دوای راوێژکردن بە سەرانی هاوەڵان ئەنجام دەدرا، هەروەها دوای رازیبوونی کەسی هەڵبژێردراو[4] عومەر کەسیشی لە خزمانی خۆی نەدەکرد بە فەرمانڕەوا، بەڵام عوسمانو عەلی زیانێکیان نەدەبینی لەوەدا، زۆرجاریش عومەر تاقیکردنەوەی بۆ ئەو کەسە ئەنجام دەداو لە کەسایەتیشی دەکۆڵیەوە لە نزیکەوە، خەڵکی بیابانشینی نەدەکرد بە فەرمانڕەوا بەسەر

١) ابن الجوزي: مناقب عمر ٩٥ـ ١٣١.

٢) البلاذري: فتوح البلدان ٢٧٦، والطبري: تاريخ ٤: ١٢١.

٣) خليفة: التاريخ ١٤٩.

٤) ابن سعد : الطبقات ٤: ٣٦٠، والمتقي الهندي: كنز العمال ٥: ٦٢٠، وابن كثير: البداية والنهاية ٧: ٣٥، ١٠٧.

شارنشینەکان بە هۆی جیاوازیی سروشتو دابونەریت، لەوانەشە مەبەستی لە دانانی سەلمانی فارسی بەسەر مەدائین ئەوە بووبێت سەرنجی خەڵکیی رابکێشێت بۆ بنەمای یەکسانی لە ئیسلام.[١]

فەرمانڕەوا نووسراوێکی پێدەدرا لە خەلیفەوە فەرمانی دامەزراندنەکەی تیادا بوو لەسەر شوێنی دیاری کراوو ئەو مەرجانەش کە لەسەری دانرابوو، بەشایەتی کەسانێك لە موهاجیرو ئەنصار،[٢] جاری واش بوو هەندێ لە فەرمانڕەواکان دەگوێزرانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەت،[٣] هاوکات هەندێ لە فەرمانڕەوایانیش لەسەر کار لابران بە هۆکاری جیاجیا، بۆ نموونە: عومەر عەلائی حەزرەمی لەسەر کارەکەی لابرد، چونکە لە بەحرێنەوە بە سەربازەکانی یەوە لە دەریا پەڕینەوە بۆ ناوچەی فارس بەبێ رێگەپێدانی خەلیفە، کە ئەوەش بوو بە مایەی زیانێکی زۆر، هەروەها خالیدی کوڕی وەلیدی لابرد لەسەر کارەکەی لە شام، چونکە خەڵکی شەیدا بوو بوون پێوەیو وایاندەزانی ئەو بە لێهاتووی سەربازیی خۆی هۆکاری سەرکەوتنە، لە کاتێکدا دەبوو سەرکەوتن تەنها بدرێتە پاڵ خوای گەورە.[٤]

فەرمانڕەوایش لە هەندێ لە هەرێمە گەورەکان پەنای دەبردە بەر هەندێ فەرمانڕەوای تر کە لەسەر چەند شارێکی سەر بە هەرێمەکەن، وەکو چۆن روویدا لە هەرێمی شام کە حیمصو جەزیرەو ئوردونو فەلەستین سەر بە ئەبو عوبەیدەی فەرمانڕەوای دیمەشق بوون، دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانیش لەسەر شارەکان زیادو کەمی دەکرد، چونکە جاری وابوو ویلایەتێکی بچووك دەخرایە پاڵ ویلایەتێکی تر، یان ویلایەتێکی سەربەخۆ دادەبڕا.

پاشکۆیەتی ئیداری:

عومەر (رەزای خوای لێبێت) رەچاوی چەند بنەمایەکی کرد لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکانی، لەوانە: سوورنەبوونی کەسەکە بۆ وەرگرتنی لێپرسیراوێتی، وەکو شوێنکەوتنێك بۆ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەشیفەرموو: "لایجب الامارة احد فیعدل".[5] واتە کەسێك ئارەزووی لێپرسراوێتی نابێتو دوایش

---

١) عبدالعزیز ابراهیم العمري: الولایة علی البلدان في عصر الخلفاء الراشدین ١٤٣، وظافر القاسمي: نظام الحکم في الشریعة والتاریخ الاسلامي ٤٧٣.

٢) الطبري: تاریخ ٤: ٢٠٧.

٣) عبدالعزیز ابراهیم العمري: الولایة علی البلدان في عصر الخلفاء الراشدین ٥٥.

٤) خلیفة: التاریخ ١٢٢.

٥) في الحدیث: "أنا لا نولي علی هذا العمل من سأله" البخاري: أحکام ٧ ومسلم امارة ١٤.

دادگەری تیادا بکات.[1] هەروەها دەیڕوانیە هەندێ خاسیەت لەو کەسەدا هەبێت وەکو بەهێزیو دەستپاکیو شکۆداریو خۆیەکەم زانینو بەزەی هاتنەوە بە خەڵکییو هێمنیو لەسەر خۆی لەگەڵ ئەو کەسانەی لەژێر دەستیدان[2] و گوێنەدان بە دونیا لە خۆراکو پۆشاك و ماڵو خۆشگوزەرانی،[3] مووچەی فەرمانڕەواکانیش چاك بوو بەشیدەکردن، مووچەی عەمری کوڕی عاصی فەرمانڕەوای میصر دووسەد دینار بوو،[4] مووچەی عەیازی کوڕی غەنەمی فیهریش ـ فەرمانڕەوای حیمص ـ دینارێكو مەڕێكو هەندێ خۆراك بوو رۆژانە.[5]

ئەو گەیەنەرەیش کە نامەکانی دەهێنا لە عومەرەوە بۆ فەرمانڕەواکان بواری دەکردەوە بۆ خەڵکی ئەو شوێنانە کە نامە بنێرن راستەوخۆ بۆ خەلیفە بێئەوەی کەس ئاگای لە ناوەڕۆکەکەی بێت، ئەوەیش بواری بۆ دەرەخساندن سکاڵاکانیان بە ئازادی بەرز بکەنەوە.[6]

لیستێك بە ناوی فەرمانڕەواکانی عومەر لە سەر هەرێمەکان:[7]

١ـ زەیدی کوڕی سابیت (مەدینە) لە کاتی دەرچوونی عومەر بۆ حەج و سەردانی شام.

٢ـ موحریزی کوڕی حاریسەی کوڕی رەبیعەی کوڕی عەبدوششەمس (مەککە).

٣ـ قونفوزی کوڕی عومەیری کوڕی جودعانی تەمیمی (مەککە).

٤ـ نافیعی کوڕی عەبدولحاریسی خوزاعی (مەککە).

٥ـ خالیدی کوڕی عاصی هیشامی مەخزومی (مەککە).

٦ـ عوسمانی کوڕی ئەبوعاص (٥١ ك) (تائیفو عومانو بەحرێنو جارجارەش یەمامەو بەحرێن).

٧ـ عوتبەی کوڕی ئەبوسوفیانی کوڕی حەربی ئومەوی ٤٤ ك (تایف).[8]

---

١) عمر بن شبة: تاريخ المدينة ٣: ٨٥٦.

٢) مصطفى محمد مسعد: التنظيم الاداري في الجزيرة العربية في عصر الخلفاء الراشدين ١: ٣٦٩ (لە نێو توێژینەوەکانی "ندوة الجزيرة في عصر الرسول او الخلفاء الراشدين").

٣) عمر بن شبة: تاريخ المدينة ٣: ٨١٨، ٨٣٢، ٨٥٤.

٤) ابن سعد: الطبقات الكبرى ٤: ٢٦١.

٥) ابن سعد: الطبقات ٧: ٣٩٨، وابن الاثير: أسد الغابة ٤: ١٦٦.

٦) عمر بن شبة: تاريخ المدينة ٢: ٧٦١.

٧) خليفة: التاريخ ١٥٣ـ ١٥٤، والطبري: تاريخ ٤: ٢٤١.

٨) ابن عبدالبر: الاستيعاب ٣: ١٢١، وابن الاثير: أسد الغابة ٣: ٣٦١، ئیبنوحەجەر وتوویەتی: موعاویەی برای کردوویەتی بە فەرمانڕەوا (الاصابة ٣: ٧٨).

٨- سوفیانی کوڕی عەبدوڵڵای سەقەفی (تائیف).

٩- یەعلای کوڕی ئومەیە - مونیە - ی تەمیمی ٣٨ ك (یەمەن).

١٠- عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو ڕەبیعەی مەخزومی (جەنەد).

١١- عەلای کوڕی حەزرەمی ١٤ ك (بەحرێن).

١٢- عوسمانی کوڕی ئەبو سەور (بەحرێن).

١٣- قودامەی کوڕی مەزعونی جومەحی (٣٦ك) (بەحرێن).[١]

١٤- ئەبوهورەیرە (بەحرێن) لە دوای کۆچی دوای عەلائی کوڕی حەزرەمی.

١٥- عەمری کوڕی عاص (٤٢ ك) (فەلەستینو دواتر میصر).

١٦- عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبوسەرح (صەعید).

١٧- ئەبوعوبەیدە، عامیری کوڕی جەڕاح.

١٨- یەزیدی کوڕی ئەبوسوفیان (شام).

١٩- موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان (٦٠ك) (شام).

٢٠- شورەحبیلی کوڕی حەسەنە (ئوردون).

٢١- موعازی کوڕی جەبەل - ١٨ ك (ئوردون) لەلایەن ئەبوعوبەیدەوە.

٢٢- عەلقەمەی کوڕی عەلاسەی عامیری - ٢٠ ك (حۆران).[٢]

٢٣- عەلقەمەی کوڕی حەکیم (ڕەملە).

٢٤- عەلقەمەی کوڕی موجەززیزی مەدلەجی - ٢٠ ك (ایلیا - بیت المقدس).

٢٥- عویادەی کوڕی صامت (حیمص) لە لایەن ئەبوعوبەیدەوە.

٢٦- عەیازی کوڕی غەنەمی فیهری - ٢٠ ك (حیمصو جەزیرە) لەلایەن ئەبوعوبەیدەوە.

٢٧- سەعیدی کوڕی عامیری کوڕی حزیەم (حیمصو جەزیرە).

٢٨- عومەیری کوڕی سەعدی ئەنصاری (حیمصو جەزیرە).

٢٩- حەبیبی کوڕی مەسلەمەی فیهری (جەزیرە).

٣٠- وەلیدی کوڕی عوقبە (جەزیرە).

---

١) ابن عبدالبر: الاستیعاب ٣: ٢٥٩، وابن حجر: الاصابة ٣: ٢٢٨.

٢) ابن الاثیر: أسد الغابة ٤: ١٣، وابن حجر: فتح الباري ٨: ٦٨، والاصابة ٢: ٥٤.

٣١- موسەنناى كوڕى حاريسەى شەيبانى (عێراق).

٣٢- ئەبوعوبەيدەى كوڕى مەسعودى سەقەفى (عێراق).

٣٣- قوتبەى كوڕى قەتادە (بەصرە).

٣٤- شورەيحى كوڕى عامير (بەصرە).

٣٥- عوتبەى كوڕى غەزوان (بەصرە).

٣٦- سەعدى كوڕى ئەبى وەققاص (عێراق).

٣٧- موغيرەى كوڕى شوعبەى سەقەفى (بەصرە ساڵى ١٨ ك دواتر كووفە).

٣٨- ئەبوموساى ئەشعەرى (بەصرە).

٣٩- عەممارى كوڕى ياسر - ٣٧ ك (كووفە).

٤٠- جوبەيرى كوڕى مونعيم (كووفە).

٤١- سەلمانى فارسى (مەدائين).

٤٢- حوزەيفەى كوڕى يەمان (ئازەربايجان دواتر مەدائين).

٤٣- عوتبەى كوڕى فەرقەدى سەلەمى (موصڵ دواتر ئازەربايجان).

٤٤- نوعمانى كوڕى موقرينى موزەنى (كەسكەر).

٤٥- بيلالى ئەنصارى (عومان).

فەرمانڕەواكان لە سەردەمی خیلافەتی عوسمان :

يەكە كارگێڕيە پێشووەكان هەر بەردەوام بوون وەكو: مەككە، مەدينە، بەحرێن، يەمامە، يەمەن، حەزرەمەوت، كووفە، بەصرەو ميصر. لە خيلافەتى عوسمانيش ئەرمينياى خرايە سەر كە بۆ يەكەمجار فەتح كرا لەو سەردەمە،[1]

پەرەسەندنێكى تريش روويدا كاتێك كە عوسمان هەرێمى بەحرێنو عومانى خستە سەر هەرێمى بەصرە، عەبدوڵڵاى كوڕى عاميرى كوڕى كورەزيشى كرد بە فەرمانڕەواى، ئەمەيش كاريگەرى يەكى زۆرى هەبوو لەسەر وزەى مرۆى ئەو هەرێمە، كە بووە هۆكارێك بۆ هەڵسان بە ئەركى

١) خليفة: التاريخ ١٦٣، والبلاذري فتوح البلدان ٢٠١، وابن اعثم الكوفي: الفتوح ٢: ٢٠٨.

فتوحاتە گەورەکان لە هەرێمی فارسو خوراسانو سەجستان،[1] لە راستیدا ئەم فەرمانڕەوا لاوە هەڵسا بە چاکسازی یەکی زۆر لە ڕێکخستنی ئاودێریو کشتوکاڵو هەڵکەندنی جۆگەو رووبارو ڕێکوپێك کردنی شاری بەصرەو فراوانکردنی مزگەوتەکەیو زۆرکردنی ئاو لە ڕێگای حەج بۆ حاجی یەکان. بەصرە لە رووی ئابوری یەوە گەشەی کرد، دەسەڵاتی فەرمانڕەوای یەکەشی فراوان بوو تا گەیشتە عومانو بەحرێن، سەجستان، خوراسان، فارسو ئەهواز، چونکە عەبدوڵڵای کوڕی عامیر لێپرسراوی لەسەر ئەو شوێنانە دەستنیشان کرد، هەروەها ڕێزو پلەوپایەی خۆی لای خەڵکی بەصرە پاراست تاکو کۆتای فەرمانڕەوای یەکەی کە ئەوەش دەربڕین دەکات لە توانایەکی زۆر لە سەرکردایەتیو بەڕێوەبردن، سەرەڕای ئەوەی کەتەمەنی بیستو پێنج ساڵ بوو کاتێك بوو بە والی بەصرە.[2]

هەموو فەرمانڕەواکانی عوسمانیش لاو نەبوون، بەڵکو هەندێکیان لە پیرانی هاوەڵان بوون وەکو عومەیری کوڕی سەعدی ئەنصاری فەرمانڕەوای حیمصو قەنسەرین کە داوای لە عوسمان کرد وازی لێبێنێت لەبەر گەورەی تەمەنی، بۆیە عوسمان هەرێمەکەی خستە سەر هەرێمی موعاویە،[3] هەروەها سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص کە والی کووفە بوو، کە خۆی دامەزرێنەری ئەو شارە بوو لە سەردەمی عومەر، جا شارەزای سەعد بە دانیشتوانیو بارودۆخی کووفە شیاوێتی پێبەخشی جارێکی تر ببێتە والی لەوێ.

عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمانڕەوای شارەکانی هەڵدەبژارد لەوانەی کە لێوەشاوەی بەڕێوەبردنو کارامەی سەربازیان هەیە، مەقریزی دەربارەی عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح کە فەرمانڕەوای عوسمان بوو لە سەر میصر دەڵێت: "لە ماوەی خیلافەتی عوسماندا لەسەر کارەکەی مایەوەو خەڵکیش لی رازی بوون".[4] وەسفیش کراوە بە نەبەردییو بەخشندەیو هێمنیو

١) خليفة: التاريخ ١٦٢، ١٦٣، ١٦٧، والبلاذري: فتوح البلدان ٢٩٦، ٣٨١، وصالح العلي: التنظيمات الاجتماعية والاقتصادية في البصرة في القرن الاولى الهجري ١٤١.

٢) خليفة: التاريخ ١٧٨، والطبري: تاريخ ٥: ٥٤، وابن الاثير: الكامل ٣: ٩٩، وعبدالعزيز ابراهيم العمري: الولاية على البلدان ١: ١٨٩ـ ١٩١.

٣) الطبري: التاريخ ٤: ١٨٩.

٤) المقريزى: الخطط ١: ٢٩٩ وقارن بعبارة الذهبـي: سير أعلام النبلاء ٣: ٣٤.

لەسەرخۆی.[1] هاوەڵی مەزنیش ئەبوموسای ئەشعەری لە پاش لابردنی لەسەر ویلایەتی بەصرە و دانانی عەبدوڵڵای کوڕی عامیری کوڕی کورەیز. چووە سەر مینبەرو وتی: " وا گەنجێکتان بۆ هات لە خێزانێکی میهرەبانو بەخشندەی قورەیشە، پارەتان بەسەرا دەڕژێنێ".[2] ئەمەیش کەسایەتی ئەبوموسا دەردەخات کە چەند پەرۆش بووە لە سەر گوێڕایەڵی و قایمکردنی کارەکە بۆ فەرمانڕەوای دوای خۆی.

عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمانڕەواکانی کۆدەکردەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی گشتیی وڵات، بەتایبەتی لەسەرەتای بشێوەنەکە.[3]

هەروەها سکاڵایشی وەردەگرت دژ بە فەرمانڕەواکانی، هەر بۆیە کاتێك خەڵکی بەصرە سکاڵایان لە ئەبوموسای ئەشعەری کرد، لایبردو عەبدوڵڵای کوڕی عامیری کوڕی کورەیزی دامەزراند لە جێگاکەی،[4] هەمان کاریشی ئەنجامدا لەگەڵ فەرمانڕەوای کووفە وەلیدی کوڕی عوقبە، ئەمەش سیاسەتێك بوو پێش عوسمان عومەر بەرپای دەکرد.

عوسمان ڕەزای خوای لێبێت پەیوەندی پتەو بوو لەگەڵ فەرمانڕەواکانی، ئاڵوگۆڕی نامەی لەگەڵ دەکردنو تاوتوی بارودۆخی هەرێمەکانی دەکرد، ئامۆژگاری و راوبۆچوونی دەخستە بەرچاوی فەرمانڕەواکان و فەرمانیشی پێدەکردن کە لە کاتی حەج هەموویان ئامادەبن بۆ لێپرسینەوەیانو سەیرکردنی سکاڵای خەڵکیی لە دژیان.[5]

تێبینیش دەکرێت کە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص هەموو کاروباری کووفەی بە دەست بوو دارای نەبێت، کە عوسمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودی لەسەر دانا بوو، کاتێکیش کە جیاوازیان کەوتە نێوان بە هۆی بڕێك پارە کە سەعد بە قەرز لە (بيت المال) وەریگرتبوو و نەیدەتوانی بیداتەوە لە کاتێکی دیاریکراودا، عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) سەعدی لابردو عەبدوڵڵای لە جێگەی خۆی هێشتەوە، هاوکات فەرمانڕەوایەکی تری دامەزراند کە وەلیدی کوڕی عوقبەی کوڕی ئەبوموعیت بوو، کە پێشتر چەند کارێکی پێ سپێردرابوو لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺو ئەبوبەکرو عومەردا.

١) الذهبي: سير أعلام النبلاء ٣: ٢١.

٢) خليفة: التاريخ ١٦١، والذهبي: سير أعلام النبلاء ٣: ١٩.

٣) عمر بن شبة: تأريخ المدينة ٣: ١١٢٠، والبلاذري: الفتوح ٢٢٩، والكندي: ولاة مصر ٣٨.

٤) الطبري: تأريخ ٥: ٥٥، وابن الاثير: الكامل ٣: ٩٩.

٥) الطبري: تأريخ ٤: ٣٩٧ـ ٣٩٨، عن سيف بن عمر.

وەلیدیش توانایەکی کارگێری و سەربازی باشی پیشاندا، شارەزایشی هەبوو لە مامەڵەکردنی خەڵکی کووفە کە ئەویان خۆشدەویست بە هۆی بایەخدانی بە بەرژەوەندی یەکانیانو خۆدانەبڕانی لیان، بەڵام ناکۆکی جارێکی تر دەستی پێکرد لە نێوان خۆیو عەبدوڵڵادا، وەکو چۆن لەگەڵ سەعددا روویدا، لێرەدا عوسمان هەڵسا بە لابردنی عەبدوڵڵاو هێشتنەوەی وەلید، دواتر هەندێ گیروگرفت روویدا لە نێوان وەلیدو کەسانێك لە ئەهلی کووفە، کە وەلید حەددی شەرعی کوشتنەوەی لەسەر هەندێ لە خزمانی ئەوانە جێبەجێکردبوو، ئەوانە هەوڵیان دا لای خەڵك و دواتر لای عوسمان کە وەلید لابدرێت، بەڵام عوسمان قایل نەدەبوو بە لابردنی وەلید لەسەر کووفەو پی وتن: "تعملون بالظنون، وتخطئون فی الاسلام، وتخرجون بغیر اذن، ارجعوا"، واتە: بە گومان کار دەکەنو لە ئیسلام هەڵە دەکەنو بەبێ ڕێگەپێدان دەردەچن، بگەڕێنەوە. کاتێك گەڕانەوە هەموو ناحەزانی وەلید کۆبوونەوەو پێکهاتن لەسەر یەك را،[1] ئەویش ئەوەبوو هەڵسان بە تۆمەتبارکردنی وەلید بە مەی خواردنەوەو شایەتیشیان لەسەر دا، بۆیە عوسمان حەددی مەی خواردنی لەسەر جێبەجێکرد ـ چل قامچی ـ کە ئەو حەددە سەلمێنراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، ئەمجا لاشی برد لەسەر کووفە[2] و سەعیدی کوڕی عاصی کوڕی ئومەیەی دانا لە جێگاکەی، (حافظ)ی (ذهبی) باسی کردووە و وتوویەتی: "کان أمیراً شریفاً جواداً حلیماً ذا حزم وعقل یصلح للخلافة".[3] واتە: فەرمانڕەوایەکی بە ئابڕووی بەخشندەو هێمنو شکۆدارو توندوتۆڵو هۆشیار بوو، لێوەشاوەی تیادا بوو ببێتە خەلیفە.

سەعید زانایان و قورئانخوێنانی لە خۆی نزیك کردەوە، خەڵکی خراپیشی لە خۆ دوورکردەوە، وەکو سەرکردەی هۆزەکان، ئەمەیش بووە مایەی خەشم و قینی ئەوان، بەڵام سەرەڕای بارودۆخی نالەباری کووفە، توانی هەرێمەکە ڕێك بخاتو کاری سەربازیش بە ئاڕاستەی تەبەریستانو خەزەردا ببات، هەروەها توانی سەرکەوێتە سەر یاخیبووانی ئازەربایجان، بەڵام چالاکیی کارگێڕیی و سەربازیی قوتاری نەکرد لە ئاژاوەگێڕانی سەرکردەی هۆزەکان کە سنووری خۆیان بەزاند و لەناو کۆڕەکەیدا دەستدرێژیان کردە سەر هەندێ لە یارمەتیدەرانی، عوسمان دەربارەی ئەوانە راوێژی کردو فەرمانی

---

١) الطبري: تأريخ ٤: ٢٧٥ عن سيف.

٢) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٧: ٥٣) ومسلم : الصحيح ٣: ١٣٣١ رقم ١٧٠٧، وابن حجر: فتح الباري ٧: ٥٦.

٣) الذهبـي: سير أعلام النبلاء ٤٤٤ـ ٤٤٥.

دەرکرد بە دوورخستنەوەی ئەو کەسانە بۆ شام، ئەوانیش لە شام مانەوە تا هەلی گەڕانەوەیان بۆ ڕەخسا بۆ کووفە، کاتێك کە سەعیدی کوڕی عاص دەرچوو بوو لە کووفە بەرەو مەدینە، بۆیە هەلّسان بە هاندانی خەڵکیی بە بیانووی ئەوەی کە سەعید دەیەوێت خەلاّتەکان کەم بکاتەوە، ئەشتەر توانی نەیارەکان کۆبکاتەوەو ڕێگەیان گرت لە سەعید لە کاتی گەڕانەوەی کە بێتە ناو کووفەوە ـ کە ئەوان هەزار کەس دەبوون ـ بۆیە گەڕایەوە لای عوسمانو پێشنیاریکرد فەرمانڕەوایەکی تریان بۆ دابنێ، عوسمان زانی کە ئەوان حەز لە فەرمانڕەوایەتی ئەبوموسای ئەشعەری دەکەن بۆیە دایمەزراند بۆ دووەمجار لەسەر کووفەو لە کارەکەی مایەوە تا کوژرانی عوسمان.[١]

لە ڕاستیدا کووفە سەقامگیربوونی بەخۆیەوە نەبینی، سەرچاوەیەکیش بوو بۆ ئاژاوەو سکالاّکردن لەسەر فەرمانڕەواکان کە یەك بە دوای یەك دەهاتن بۆ کووفە، کەس لەوانە قوتاری نەدەبوو لە ئاژاوەو سکالاّکردنیان، عوسمانیش سووربوو لەسەر ئارامکردنەوەی بارودۆخ لەوێ، بۆیە فەرمانڕەواکانی دەگۆڕێ لە کاتی زیادبوونی ئاژاوە دژیان.

سیاسەتی عوسمان بریتی بوو لە چاودێری بەرپرسانو گوێگرتن لە راوبۆچوونی خەڵکی لە ئەوانو کۆبوونەوەی ساڵانە پیان لە وەرزی حەج بۆ تاوتوێ کردنی کاروباری هەرێمەکان، وەکو درێژەپێدانێکی سیاسەتی عومەر، هەروەها نامەی دەنارد بۆ فەرمانڕەواکانی بە مەبەستی بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی گرفتی هەرێمەکان، پشکنەریشی دەنارد بۆ زانینی بارودۆخەکان لە نزیکەوە، نامەشی دەنارد بۆ دانیشتوانی هەرێمەکان، سیاسەتی بەرانبەریان ڕووندەکردەوەو سووربوونیشی لەسەر مافەکانیان و ئامادەی بۆ وەرگرتنی سکالاّکانیان دژ بە فەرمانڕەواکان ئەگەر لە حاڵەتێکدا ستەمێکیان بکردبا دەردەبڕی، داواشی دەکرد لە ستەم لێکراوان ڕاستەوخۆ داواکانیان بۆ خەلیفە بەرزبکەنەوە لە کاتی حەج.

دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان بەردەوام بوو لەسەرپەرشتی کردنی هەرێمەکانیانو جێبەجێکردنی حوکمە شەرعی یەکانو پاراستنی ئاسایشو ڕێکخستنی ئیداری بۆ سوپا، چونکە بزووتنەوەی فتوحات بەردەوام بوو لە خیلافەتی عوسمان.

١) الطبري: تاريخ ٤: ٣٣٠ـ ٣٣١، ٢٦٩ـ ٢٧١.

تێبینیش دەکرێت کە عوسمان ژمارەی هەرێمەکانی کەم کردەوە بەوەی کە هەندێکانی خستە سەر هەندێکی تریان بە بەڕێوەبەرایەتی یەك فەرمانڕەوا، بۆ نموونە موعاویە فەرمانڕەوای شامو جەزیرەو فەلەستین بوو، عەبدوڵڵای کوڕی عامریش فەرمانڕەوای بەصرە و بەحرێن بوو عوممانو یەمامە جگە لەو ناوچە فەتحکراوانەی فارس و خوراسان بوو، بەڵام ئەو فەرمانڕەوایانەی کە ناوچەی زۆریان لە ژێر دەسەڵاتدا بوو یارمەتی فەرمانڕەواکانی تریان دەدا کە ناوچەکانیان لە ژێر دەسەڵاتیاندا نەبوون، هەروەها جێبەجێکردنی پرۆژەی بیناسازیو پردو کەناڵ لێدانو چاککردنەوەی رێگاوبانو هاتووچۆو رێکخستنی بازاڕەکان، بەفەرمانڕەواکان دەسپێردرا.

لیستێك بە ناوی فەرمانڕەواکان لە خیلافەتی عوسمان[١]

١ـ ئەبولئەعوەری کوڕی سوفیان (حیمص).

٢ـ عەبدوڕەحمانی کوڕی خالیدی کوڕی وەلید (حیمص).

٣ـ عەلقەمەی کوڕی حەکیمی کینانی (فەلەستین).

٤ـ جەریری کوڕی عەبدوڵڵای بەجەلی (قەرقیساء).

٦ـ موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان (شام).

٧ـ خالیدی کوڕی عاصی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرەی مەخزومی (مەککە).

٨ـ عەبدوڵڵای کوڕی حەزرەمی (مەککە).

٩ـ قاسمی کوڕی رەبیعەی سەقەفی (تائیف).

١٠ـ یەعلای کوڕی مونیە (صەنعا).

١١ـ عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو رەبیعە (جەنەد).

١٢ـ عەلی کوڕی رەبیعەی کوڕی عەبدولعوزای عەبشەمی (مەککە).

١٣ـ عوسمانی کوڕی ئەبوعاصی سەقەفی (بەحرێنو یەمامە).

١٤ـ مەروانی کوڕی حەکەمی کوڕی عاصی ئومەوی (بەحرێن).

١٥ـ عەبدوڵڵای کوڕی سواری عەبدی (بەحرێن).

١٦ـ سەبورەی کوڕی عەمری عەمبەری (یەمامە).

١٧ـ نوسەیر (هەمەدان).

١) خليفة: التاريخ: ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، والطبري ٤: ٢٢٦، ٣٣٠، ٤٢١ـ ٤٢٢.

١٨ـ سەعیدی کوڕی قەیس (ڕی).

١٩ـ سائیبی کوڕی ئەقرەع (ئەصفەهان).

٢٠ـ سەلمانی کوڕی ڕەبیعەی باهیلی (ئەرمینیا).

٢١ـ حوزەیفەی کوڕی یەمان (ئازەربایجانو ئەرمینیا).

٢٢ـ ئەشعەسی کوڕی قەیس (ئازەربایجان).

٢٣ـ موغیرەی کوڕی شوعبەی سەقەفی (ئازەربایجانو ئەرمینیا).

٢٤ـ عوتەیبەی کوڕی نەهاس (حەلوان).

٢٥ـ عەمری کوڕی عاصی سەهمی (میصرو ئەمجا ئەسکەندەریە بەتەنها).

٢٦ـ عەبدوڵلای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح (میصر).

٢٧ـ ئەبوموسای ئەشعەری (بەصرەو دواتر کووفە).

٢٨ـ عەبدوڵلای کوڕی عامیری کوڕی کورەیز (بەصرە).

٢٩ـ موغیرەی کوڕی شوعبەی سەقەفی (کووفە).

٣٠ـ سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص (کووفە).

٣١ـ وەلیدی کوڕی عوقبەی ئومەوی (کووفە ٢٥ ـ ٣٠ ك).

٣٢ـ سەعیدی کوڕی عاصی ئومەوی (کووفە).

٣٣ـ مالیکی کوڕی حەبیب (ماه).

٣٤ـ حوبەیش (ماسبەزان).

تەنها حەوت کەس لەم فەرمانڕەوایانە پەیوەندی خزمایەتیان هەبوو لەگەڵ عوسمان، بێگومان ئەوانیش لە قوڕەیش بوون، ئەو دوایان لە قوڕەیشو سەقیف و هەندێ هۆزی تر بوون، هەمووشیان لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بوون، متمانەی دەزگای بەڕێوەبردن لە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدە لەسەر پیاوانێك بوو لە هاوەڵان بەتایبەتی لە قورەیشو سەقیف، بەشداری کردنی ئەنصارەکانیش بەهێزتر بوو لە سەردەمی خیلافەتی عەلی.

فەرمانڕەواکان لە سەردەمی عەلی:

عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) ئاگادار بوو لە بارودۆخی بشێونە، کە بووە مایەی کوژرانی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت)، ئەو پڕوپاگەندە بەرفراوانەش دەکرا دژ بە خەلیفەو فەرمانڕەواکان هۆکاری

خەشمو قین بوو دژیان، بۆیە عەلی بە پەلە گەورە فەرمانڕەواکانی عوسمانی لابرد، زۆربەی ئەوانەش لە هەرێمەکانیان نەمابوون، بەڵکو بەجیان هێشتبوو لە کاتی بشێوەکە، موحەممەدی کوڕی ئەبوحوزەیفەش بە درێژای ساڵێك دەستی گرتە سەر میهردا تا ئەو کاتەی لە کۆتای ساڵی (٣٦ك) لەسەر دەستی عوسمانی یەکان کوژرا، چونکە فەرمانڕەواکەی ـ عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو سەرح ـ بەجی هێشتبوو لەو کاتەدا،[١] عەبدوڵڵای کوڕی ئومەیەیش یەمەنی بەجێهێشت کە بیستی عوسمان کوژراوە، هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عامیریش بەصرەی بەجێهێشت لەبەر هەمان هۆکار.[٢]

بێگومان گرنگترین پەرەسەندنەکانی سەردەمی خیلافەتی عەلی دەرچوونی بوو لە مەدینەوە بۆ کووفە، بەم شێوەیەش مەدینە بوو بە ویلایەتێك لە ویلایەتەکان و سەهلی کوڕی حونەیفی ئەنصاریشی کرد بە فەرمانڕەوای لە کاتێکدا کووفە بوو بە بارەگای خیلافەتو خولگەی ڕووداوەکان.

یەکێ لە پەرەسەندنەکانی تریش ئەوەبوو بەحرێن لە بەصرە دابڕاو بوو بە هەرێمێکی سەربەخۆ، جاری واش بوو دەخرایە سەر فەرمانڕەوای یەمەن عوبەیدوڵڵای کوڕی عەباس فەرمانڕەوای بوو.

شام بە هیچ شێوەیەك ملکەچی عەلی نەبوو بە درێژای خیلافەتەکەی، بەڵکو موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بەردەوام لە حوکمڕانی شامو فەرمانەکەی عەلی جێبەجێنەکرد سەبارەت بە لابردنی، بەڵام داوای تۆڵەی عوسمانی کرد پێش هەموو شتێك.

سەبارەت بە جەزیرەش کە دەکەوتە نێوان عێراقو شام، جاری وابوو دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی عەلیو جارجارەش دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی موعاویە.

میصریش تا ساڵی (٣٨ك) سەر بە عەلی بوو (ڕەزای خوای لێبێت)، چەند فەرمانڕەوایەکیشی بەخۆیەوە بینی دێرینترینیان قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عوبادەیە کە زاڵبوو بەسەر ڕێکخستنی کاروبارەکانی بە ڕێکخستنی باجو پۆلیس، لەگەڵ نەیارەکانیشدا ڕێگای ڕازیکردنی گرتە بەر بێ دەرخستنی لاوازی، بۆیە پێکدادانی نەکرد لەگەڵ ئەوانەی داوای تۆڵەی عوسمانیان دەکرد لە

---

١) ابن سعد: الطبقات ٧: ٥٠٤، ابن يعقوب بن سفيان: المعرفة والتاريخ ١: ٢٥٤، وعبدالرزاق: المصنف ٥: ٤٥٨ بسند صحيح الى الزهري مرسلاً، والبخاري: التاريخ الكبير ٥: ٢٩، والكندي: ولاة مصر ٢١، والمقريزي: المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار ١: ٣٠٠.

٢) عبدالحميد علي ناصر فقيه: خلافة علي ١٠٤، وخليفة : التاريخ ١٧٨، ٢٠١. ٢٠٢.

هەوادارانی موعاویە تا ئاشتیخواز بن‌و شمشێر لە ڕووی بەرزنەکەنەوە و ئاژاوە نەگێڕن دژی، مووچەکانیشی پێدەدان وەکو سەربازەکانی خۆی، بەڵام ئەم هەڵویستە ژیرانە نەیارەکانی کووفەی وروژاندو وتیان دیارە لەگەڵ موعاویەیە بۆیە لەسەر کار لابرا.

بەڵام فەرمانڕەوای تازە کە موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر بوو شێوازێکی توندو تیژی گرتەبەر لەگەڵ نەیارەکاندا لە میصر ـ کە بە دە هەزار جەنگاوەر مەزەندە دەکران ـ ئەوەیش بووە مایەی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هەردوولا، هەروەها دەرچوونی نەیارەکان بەرەو شام و گەڕانەوەیان لەگەڵ هێزەکانی شام بۆ دەستبەسەراگرتنی میصر، لە دوای چەند شەڕێکی توند لەگەڵ فەرمانڕەواکەی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر کە بە کوژرانی تەواو بوو، میصریش بەم شێوەیە کەوتە ژێر دەسەڵاتی موعاویە لە ساڵی (٣٨ك).

بەڵام بەصرە عەلی هەڵسا بە دانانی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس لەسەری، کە هاوەڵێك بوو بە زانستی زۆر لە فیقھ و تەفسیردا دەناسرا، لێهاتووی بەڕێوەبردنی خۆی سەلماند بە بەرقەرارکردنی ئاسایش لە سەجستان کە سەر بە هەرێمی بەصرە بوو، هەروەها لە هەرێمی فارس کە هەڵسا بە دانانی زیادی کوڕی ئەبوسوفیان وەکو فەرمانڕەوا لەسەری، هەروەها لە جێگەی خۆیشی دایدەنا کە لە بەصرە لە کاتی دەرچوونی بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئارامی.

عەبدوڵڵای کوڕی عەباس بە گرنگترین پیاوانی عەلی دەژمێردرێت، کە لە ڕووداوە ترسناکەکاندا هاوڕێتی دەکردو ئامۆژگاری بۆ دەردەبڕی و مشتومڕی لەسەر دەکرد، هەروەها عەلی متمانەی پێبوو راوێژیشی پێدەکرد، فەرمانڕەوایەتی ئیبنوعەباس لەسەر بەصرە بەردەوام بوو تاکو ساڵی (٩٣ك)، لێپرسراوی پۆلیس‌و باجیش هاوکاریان دەکرد.

سەبارەت بە کووفەیش عەلی ئەبوموسای لەسەر هێشتەوە کاتێك کە زانی خەڵکەکە پێی رازین، بۆیە دووبارە بەیعەتی لە دانیشتوان بۆ وەرگرتەوە،[1] ئەبوموسایش هەڵوێستێکی بێلایەنانەی وەرگرت لە شەڕەکانی جەمەل‌و صفین، ئامۆژگاری خەڵکی کووفەیشی کرد بە بەشدارینەکردن لە بشێونەی ناوخۆی. ئەبوموسا لابرا ئەو کاتەی کە عەلی کووفەی کرد بە مەڵبەندی خیلافەت لە پاش شەڕی جەمەل.

---

١) البلاذري: انساب الاشراف ٢: ٣٦ب .

سەبارەت بە هەرێمی فارس ـ کە سەر بە بەصرە بوو لە رووی بەڕێوەبردن ـ فەرمانڕەواکەی سەهلی کوڕی حونەیفی ئەنصاری بوو کە رووبەڕووی یاخیبوونێك بوویەوە لەو هەرێمە، بۆیە عەبدوڵڵای کوڕی عەباس فەرمانڕەوایەکی تازەی بۆ نارد ئەویش زیادی کوڕی ئەبوسوفیان بوو کە توانی کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە بکات، هەروەها هەڵدەستا بە دامەزراندنی فەرمانڕەوا لەسەر شارە گرنگەکانی هەرێمی ئیستەخرو ئەصفەهان.

خۆراسانیش هەر سەر بە بەصرە بوو، لەسەردەمی عەلی، عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبزاو جەعدەی کوڕی هویەیرەی کوڕی ئەبووەهب فەرمانڕەوای بوون، جەعدە رووبەڕووی یاخیبوونی خەڵکەکە بوویەوەو سەرکوتی کردن.

سەجستانی هاوسنووری خوراسانیش هەر سەر بە بەصرە بوو، فەرمانڕەوای بەصرە هەڵدەسا بە دانانی فەرمانڕەواو بۆ ئەو شوێنانە.

ئازەربایجانیش لە ژێر فەرمانڕەوای ئەشعەسدا بوو لە سەردەمی عوسمانو عەلی، هەر ئەویش بوو شاری ئەردەبیلی دامەزراندو مزگەوتەکەی دروستکردو ئیسلامی تیادا بلاوکردەوە.

بەڵام ئەهواز خورەیتی کوڕی راشید فەرمانڕەوای عەلی بوو لەسەریو دواترو لەپاش شەڕی صففین لە عەلی ترازاو و لابردنی عەلی راگەیاند، بۆیە عەلی هەڵسا بە ناردنی سوپایەكو سەرکوتی کرد، هەروەها میسقەلەی کوڕی هویەیرەی شەیبانی رۆیشتە سەر فەرمانڕەوای ئەهواز، بەڵام ئەویش خۆی دایە پاڵ موعاویە.

عەلی (رەزای خوای لێبێت) رووبەڕووی زۆر گیروگرفت دەبوویەوە لە ئەو ولایەتانە، وەکو دەرچوونی هەندێکیان لە ژێر دەسەلاتی لەوانە: یەمەنو حیجازو میصر، هەروەها بلاوبوونەوەی بزووتنەوەی خاریجی و چالاکی یەکانیان لە عێراقو فارس، جگە لە شۆڕشی دانیشتووە رەسەنەکان، خۆدانەپاڵ هەندێ ولایەت بۆ لای موعاویە.

عەلی (رەزای خوای لێبێت) چاودێریو لێپرسینەوەی دەکرد لەگەڵ فەرمانڕەواکانی دەربارەی سیاسەتیان لە ئاستی دەوڵەتو خەڵکی، دەرگاشی کراوە بوو بۆ سکالای خەڵکی دژ بە فەرمانڕەواکان، دەشیووت: "اللهم اني لم آمرهم ان يظلموا خلقك او يتركوا حقك..".[١] واتە: خوایە من فەرمانم پێنەکردوون ستەم لە بەندەکانت بکەن، یان مافەکانی تۆ بە فیڕۆ بدەن.

---

١) ابن تيمية: السياسة الشرعية ٣٢، والنويري: نهاية الارب ٢٠: ٢١٩، ٢٢٠.

ئینجا عەلی پەیدەبرد بە گرنگی بوونی دەسەڵات لە وڵاتی ئیسلامدا "فەرمانڕەوای پێویستە بۆ خەڵکی چاکەکار بێت یان خراپەکار، وتیان ئەی سەرکردەی ئیمانداران چاکەکارمان زانی، ئەی خراپەکار چۆن؟ فەرمووی: سنووری پێ جێبەجێدەکرێتو ڕێگاکانی پێ ئارام دەکرێتەوەو شەڕی دوژمنی پێدەکرێتو دەستکەوتەکانی پێ دابەشدەکرێت".

بۆیە دەسەڵات لە دیدی عەلی یەوە ئەگەر بەرز نەبێتەوە بۆ ئاستێکی بڵند لە وابەستەبوون بە چاکەو چاکسازیو لێبڕان بۆ ڕاستیو دادگەری، کە ئەوانە لە فەرمانڕەوایەتی چاکەکاردا هەیە، ئەوە بە سوود دەبێت لە حاڵەتی لاوازی وابەستەبوونو بیروباوەڕی ـ کە بەخراپەکاری ناوزەدی کردووە ـ چونکە هەڵدەستێت بە بەرقەرارکردنی ئاسایشو جێبەجێکردنی حوکمە شەرعی یەکانو دابەشکردنی دادگەرانە بۆ سەروەتو سامانو بەرپاکردنی جیهاد.

لە ڕاستیدا نووسەرە هاوچەرخەکان تاوتوی چەند کێشەیەکیان کردووە تایبەت بە فەرمانڕەواکان لەهەردوو خیلافەتی عوسمانو عەلی دا، لەوانە: دانانی خزمان بۆ فەرمانڕەوای، چونکە عوسمان هەندێك لە خزمەکانی خۆی دامەزراند بۆ فەرمانڕەوای بەصرە و کووفەو شامو میصر وەکو موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان (شام) کە ئەو پێشتر لە لایەن عومەرەوە دانرابوو، عوسمانیش جێگیری کرد لە سەر کارەکەی، هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عامیری کوڕی کورەیز (بەصرە) وەلیدی کوڕی عوقبە (کووفە)و سەعیدی کوڕی عاص (کووفە)و عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح (میصر)، هەروەها عەلی هەڵسا بە دانانی چوار لە ئامۆزاکانی لە کوڕانی عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب لەسەر هەندێ لە هەرێمە گرنگەکان (بەصرەو یەمەنو حیجاز) ئەوانەش: عەبدوڵڵای کوڕی عەباس و عوبەیدوڵڵای کوڕی عەباسو قووصەی کوری عەباسو تەمامی کوڕی عەباس.

بە لێکۆڵینەوەش دەرکەوتووە کە عوسمانو عەلی خەڵکی لێهاتوویان داناوە لە خزمەکانیان.[1] بیریش بۆ ئەوە ناچێت کە ئەو کەسانەیان دانابێت تەنها لەبەر خزمایەتی، لە ڕاستیشدا ئەو بارودۆخەی لەو سەردەمەی ئەوان هەبوو لە هەرێمەکان ئەوەی دەخواست کە ئەوان زۆر ورد بن لە مەسەلەی دانانی فەرمانڕەوا لە رووی بەهێزیو دەسپاکی یەوە، چونکە فتوحات لەو هەرێمانە بەردەوام نائارام بوو، ئەمە جگە لەو کێشەو تەگەرانەی خواریجەکان دروستیان دەکردو کێشەکانی هۆزایەتی لەناو هەرێمەکانو گرانی کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردن بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگاو دەوڵەت.

---

١) ابن تیمیة: منهاج السنة ٣: ١٧٣، ١٧٦.

ئەوەی راستیش بێت عوسمان و عەلی کۆششیان کرد بۆ نەتەوەی ئیسلام بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی یە دینیو دونیای یەکان، ئیتر ئەگەر پێکابێتیان یان نەیانپێکابێت، ئەوانیش لەهەردوو حاڵەتەکەدا هەر پاداشتیان هەیە رەوایش نی یە گومان بە نیازەکان ببرێت یان هاندەرەکانیان بە شێوەیەکی خراپ لێکبدرێتەوە بەبێ بەڵگەیەکی دروست.

یەکێکی تر لەو کێشانەی نووسەرە هاوچەرخەکان وروژاندیان کێشەی لابردنی عەلی بوو بۆ فەرمانڕەواکانی عوسمان، چونکە زۆر لە پێنووسەکان زیادەڕەویان کرد لە راڤەکردنی ئەو مەسەلەیە، هەندێکیان بە توندوتۆڵی عەلی لە هەڤپەروەریدا لێکیان دایەوە کە ئەو سەرزەنشتی عوسمانی دەکرد لە دانانی خزمانی، هەندێکیشیان بە لاوازیی شارەزای عەلی لە سیاسەت لە قەڵەمیان دا، چونکە ـ بە بۆچوونی ئەوان ـ دەبوایە فەرمانڕەوا دێرینەکان بەتایبەت موعاویە لانەبرایە، تاکو بارودۆخ دەگیرسایەوەو بەیعەت بۆ عەلی لە هەموو شارەکان وەردەگیرا، ئەم راڤەکردنانەش بنیاتنراوە لەسەر ریوایەتێکی لاواز دەربارەی موغیرە کە دوو راوبۆچوونی دژ بەیەك دەربڕیوە سەبارەت بە هەڵوێست لە فەرمانڕەواکان.[1]

بەڵام دوای لێکۆڵینەوە ئاشکرا دەبێت کە عەلی بەهرەیەکی هەبوو لە سەرکردایەتی و ناسینی کەسەکانو ئەو بارودۆخەی کە رووی دابوو، ئینجا ئەو فەرمانڕەواکانی لابرد بۆ ئەوەی کەسانێکی تر هەڵبژێرێت بەپی ئەوەی کە بە گونجاوی دەبینی بۆ ئەنجامدانی گونجاندنی کارگێڕیو سیاسی لە نێوان خەلیفەو لایەنگرانی، هەروەها کەسایەتی و رەوشتی رێگەی پێنادات شێوازی فێڵو تەڵەکەبازی بەکاربهێنێت بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات.

ئینجا ئەگەر وردبینەوە لە نەژادی فەرمانڕەواکانی عەلی، دەبینین یانزە کەسیان لە ئەنصارن لە کۆی سیو شەش فەرمانڕەوا، حەوت کەسیشیان لە قورەیش بوون، کە چواریان لە کوڕانی عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب بوون، ئیبنو عەباسی تەرجومانی قورئان و براکانی.

بە تێڕامان لەسەرجەم راسپاردەکانی عەلی بۆ فەرمانڕەواکانی، پەیدەبرێت بە تێڕوانینی قووڵی ئەو بۆ مەبەستەکانی شەریعەتو بنیاتنانی کۆمەڵگای مرۆی پێکەوە،[2] لە هەموو ئەو مەسەلانەش پشتی دەبەست بە دیدێکی ئیسلامی هۆشیارو رێکوپێك.

---

١) الطبري: تاريخ ٤: ٤٣٨ـ ٤٣٩.

٢) الطبري: تاريخ ٥: ١٤٧ـ ١٤٨، والنويري: نهاية الارب ٦: ١٩.

لیستێك بەناوی فەرمانڕەواكان لە خیلافەتی عەلی:[1]

١- سەهلی كوڕی حونەیفی ئەنصاری (مەدینە).

٢- تەمامی كوڕی عەباسی كوڕی عەبدولموتەلیب (مەدینە).

٣- ئەبوئەیوبی ئەنصاری (مەدینە).

٤- ئەبوقەتادەی ئەنصاری (مەككە).

٥- قەسەمی كوڕی عەباسی كوڕی عەبدولموتەلیب (مەككەو تائیف).

٦- عومەری كوڕی ئەبوسەلەمە (بەحرێن).

٧- قودامەی كوڕی عەجلانی ئەنصاری (بەحرێن).

٨- نوعمانی كوڕی عەجلانی ئەنصاری (بەحرێن).

٩- عوبەیدوڵڵای كوڕی عەباس (یەمەنو بەحرێن).

١٠- سەعیدی كوڕی سەعدی كوڕی عوبادەی ئەنصاری (جەنەد)

١١- مالیكی ئەشتەر (جەزیرەو میصر).

١٢- شەبیبی كوڕی عامیر (جەزیرە).

١٣- كومەیلی كوڕی زیادی نەخەعی (جەزیرە).

١٤- موحەممەدی كوڕی ئەبوحوزەیفەی كوڕی عوتبە (میصر).

١٥- قەیسی كوڕی عوبادەی ئەنصاری (میصر).

١٦- موحەممەدی كوڕی ئەبوبەكری صددیق (میصر).

١٧- عوسمانی كوڕی حونەیفی ئەنصاری (بەصرە).

١٨- عەبدوڵڵای كوڕی عەباس (بەصرە).

١٩- ئەبولئەسوەدی دوئەلی (بەصرە).

٢٠- هانیئی كوڕی هەوزەی نەخەعی (كووفە).

٢١- ئەبوموسای ئەشعەری (كووفە).

٢٢- ئەبومەسعودی بەدری (كووفە).

٢٣- قەرەزەی كوڕی مەسعودی ئەنصاری (كووفە).

---

١) خليفة: التاريخ: ٩٩- ٢٠٢، والطبري: تاريخ ٥: ١٥٥- ١٥٦.

٢٤- سەهلی کوڕی حونەیفی ئەنصاری (فارس).

٢٥- زیادی کوڕی ئەبوسوفیان (فارس).

٢٦- مونزیری کوڕی جارود (ئیستەخر).

٢٧- عومەری کوڕی سەلەمە (ئەصفەهان).

٢٨- موحەممەدی کوڕی سەلیم (ئەصفەهان).

٢٩- خولەیدی کوڕی قورەی تەمیمی.

٣٠- عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبزا (خوراسان).

٣١- جەعدەی کوڕی هوبەیرەی کوڕی ئەبو وەهب (خوراسان).

٣٢- عەبدوڕەحمانی کوڕی جوزئی تائی (سەجستان).

٣٣- ڕەبعی کوڕی کاسولعەنبەری (سەجستان).

٣٤- جەریری کوڕی عەبدوڵڵای بەجەلی (هەمەدان).

٣٥- ئەشعەسی کوڕی قەیسی کیندی (ئازەربایجان).

٣٦- سەعیدی کوڕی ساریەی خوزاعی (ئازەربایجان).

٣٧- خورەیتی کوڕی ڕاشیدی ناجی (ئەهواز).

٣٨- میسقەلەی کوڕی هوەبیەری شەیبانی (ئەهواز).

٣٩- یزیدی کوڕی حوجەیبەی تەمیمی (ڕەی).

٤٠- سەعیدی کوڕی مەسعودی سەقەفی (مەدائین).

٤١- حارسی کوڕی موڕەی عەبدی (سیند).

باسی دووەم:
فــەرمــانــبــەران

فەرمانڕەوا پشتی دەبەست بە ژمارەیەك لە فەرمانبەران بۆ بەڕێکردنی کاروباری ولایەتەکەی، وەکو سەرکردەی پۆلیسو بەرپرسانی باجو فەرمانبەرانی (بیت المال) و جاری واش بوو بەرپرسی گەنجینە فەرمانبەرێکی سەربەخۆ دەبوو، بە پەیوندیەکی راستەوخۆ لەگەڵ خەلیفە.
سیستمە کارگێڕی یەکانیش روونبوون، جیاوازی زانرا لە نێوان والیو دادوەرو نووسەری دیوانو فەرمانبەرو بەرپرسانی تر، چی لە پایتەخت یان لە شارەکان لەسەردەمی عومەرەوە، ئەم شێوازی دابەشکردنە هەر بەردەوام بوو لە خیلافەتی عوسمانو عەلیش.
خەلیفەکانو فەرمانڕەوای هەرێمەکان متمانەیان دەکرد بە ژمارەیەك لە فەرمانبەران کە هەڵسان بە کاروباری نووسینو پاراستنو سەرپەرشتی گەنجینەکانو دیوانەکانی داهاتو باج کۆکردنەوەو سەربازی و بەخشینو خەلاتو رێکخستنی پۆلیس. هەروەها فەرمانێکی تر پەیدابوو ئەویش کۆکردنەوەی غەنیمەو دابەشکردنی لە نێو سەربازەکان، کە سەلمانی کوڕی رەبیعەی باهلی بەرپرسی (الاقسام والاقباض) بوو.
هەروەها فەرمانێکی تر سەری هەڵدا ئەویش کاری بەرپرسانی دەیەك (العُشر) بوو، کە ئەوانە هەڵدەسان بە کۆکردنەوەی دەیەکی بازرگانی لەو بازرگانانەی کە موسڵمان نەبوون، یان دەهاتنە نێو خاکی موسڵمانانەوە، ئینجا رەچاوی سیاسەتی فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی دەکرد، بۆیە ئەوان بەرپرسێتی گەنجینەو باجیان لە ئەستۆ بوو، بەڵام لە سەردەمی فەرمانڕەوای عەمری کوڕی عاص بەرپرسێتی کاروباری باج لەلایەن عوسمانەوە درایە دەست عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبوسەرح لەبەر کەمبوونەوەی داهاتەکانی ئەو هەرێمە بە هۆی ئەوەی کە عەمر کە خەرجی دەکردە سەر چاککردنی پردو ئاوبارەکان[1] جا خەلیفە جەختی دەکردەوە لەسەر سەرپەشتی کردنی فەرمانڕەواکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەسەر گەنجینەو باجەکان.[2]

١) البلاذري: فتوح البلدان: ٢٢٥، وابن عبدالحكم: فتوح مصر وأخبارها ١٦١.
٢) المقريزي: الخطط ١: ٣٠٠.

دیوانەکانی باجو داهات لە هەرێمەکان بە زمانی فارسی دەنووسرا لە عێراقو ئێران، لە شام بە بیزەنتی و میصریش بە قیبتی، هەر بۆیە پێویست بوو فەرمانبەرانێك دابنرێن لەسەر ئەو کارانە کە نیشتەجی ئەو هەرێمانەبن.

بەڵام دیوانی سەربازیو بەخشینو خەڵات بە زمانی عەرەبی بوو، بێگومان پێویستیی پەیدا بوو بە وەرگێڕی شارەزا لە عەرەبیو ئەو زمانە ناوخۆیانە، بە مەبەستی حاڵیبوونی فەرمانڕەوای عەرەب لە کاروباری دیوانی کۆکردنەوەی باجو داهات،[1] یەکێك لەوانەش کە بە وەرگێڕان ناسران میهرانی ئەسیری ئەصبەهانی بوو.[2]

بەڵام سیستمی پۆلیس هەر لە سەردەمی عومەر سەری هەڵدا بۆ پاراستنی (بیت المال)و بەندیخانەو ئامادەکردنی ناکۆکان بۆ لای دادوەرو جێبەجێکردنی حوکمەکانی دادگا لەسەر تاوانباران.[3] ئەو کەسەی کە لەبەر دەستی دادوەر کاری دەکرد پی دەوترا (جلواز)،[4] دەوڵەتیش خەڵکانێکی بەکاردەهێنا لەوانەی کە تازە دەهاتنە ئیسلامەوە وەکو سیابجە لەسەردەمی عوسمانو عەلی.[5]

چاودێری لەسەر بازاڕەکان (الحسبة):

بازرگانیی چالاکی بەخۆیەوە بینی لە دوای دووبارە یەکخستنەوەی دوورگەی عەرەب لە خیلافەتی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) و زاڵبوونی بەسەر بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوەدا، ئاسایشو تەبای بەرقەرار بوو، خەڵکیش دڵنیابوون لە سەر ماڵو سامانیان کە شەریعەتی ئیسلام دەیپارێزێ لە دەستدرێژیو زەوتکردن، هەروەها ئازادی بازرگانیو گەشەکردنی بۆ دەستەبەر دەکات.

ئینجا سەرانی هاوەڵان لە بازرگانی کاریان کردووە، هەرسێ خەلیفە ڕاشیدە سەرەتاکانیش بازرگان بوون، بۆیە شارەزایان لە مامەڵە بازرگانی یەکان و کارە بازرگانی یەکانی ئاسان دەکردەوەو هاندەر بوو بۆ هێنانی شتومەك، هەروەها بەربەرەکانی دەبرییەوە بە هۆشیاریو پەیبردن بە بەرژەوەندی یە ئابوری یەکانی دەوڵەتو موسڵمانان.

---

١) عبدالعزيز ابراهيم العمري: الولاية على البلدان ٣: ١٠٤ ـ ١٠٥.

٢) خليفة: التاريخ ١٦٢.

٣) صالح العلي: التنظيمات الاجتماعية والاقتصادية في البصرة في القرن الاول الهجري ١١٢.

٤) وكيع: أخبار القضاة ٢: ٢١٥.

٥) صالح العلي: التنظيمات ١١٢.

لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ چاودێری بازارەکان سەری هەڵدا بۆ ڕێگەگرتن لە دروستبوونی تەڵەکەبازی لە کەلوپەلەکاندا،[1] بێگومان ئەو چاودێریە هەر بەردەوام بوو لە سەردەمی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت)، بەڵام فراوان بوونەوەی زۆر کە رووی لە بازرگانی و ڕێکوپێککردنی بازارەکان بووە هۆی پێویستی بە چاودێری گشتگیر لەسەر بازرگانیو بازارەکان. زۆرجاریش عومەر بە خۆی گەشتی دەکرد بەناو بازارەکانو دەیڕوانی یە شێوازەکانی مامەڵەو قەدەغەکردنی سەرپێچی شەرعی، ئیتر ئایا فێڵکردن بێت لە کەلوپەل، یان فرۆشتنی شمەکی قەدەغەکراو بێت، یان بە زیانگەیاندن بە بفرۆشەکانی تر بەوابەستە نەبوون بەو نرخەی دانراوە، یان بە شتومەك شاردنەوە بۆ گرانی یان بە دەڵاڵی کردن لە ڕێگە چوونە پێشوازیکردن لەبیابانشینەکانو کڕینی ئەو شتانەی پیانە پێش ئەوەی نرخی بازار بزانن، یان بە فرۆشتنی کەلوپەل بەر لەوەی بگاتە دەستی کڕیار..؟ ئەم کارانەش هەمووی جێبەجێکردنە بۆ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، ئینجا ئەوە سەلمێنراوە کە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) سەیری ماڵی روەیشیدی سەقەفی کردووە، کە دوکانێکی فرۆشتنی مەی تیادا بووە، ئەویش فەرمانی کرد بە سوتاندنی،[2] سەمورەی کوڕی جونەیدیش جارێك مەی فرۆشت، تووڕەی و خەشمی دەربڕی بەرانبەری.[3]

جارێکیش بەتەنیشت حاتیبی کوڕی ئەبوبەلتەعەدا تێپەڕی کە مێوژی دەفرۆشت بە نرخێك لە خواری بازارەوە، جا پی فەرموو: یان نرخەکەی بەرزبکەرەوە، یان لەبازارمان دەربچۆ.[4]

هەروەها قەدەغەی کرد لە تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا زیو لەگەڵ ئاڵتوون بگۆڕێتەوە بەبێ پێدانو وەرگرتنی راستەوخۆ، چونکە تەڵحە داوای لە خاوەن زیوەکە کردبوو مۆڵەتێکی کەمی بدات "تا ئەوکاتەی خەزندارەکەمان دەگەڕێتەوە لە دارستان"،[5] واتە دەوروبەری مەدینە.

١) صحيح سنن الترمذي للالباني ٢: ٣٣.

٢) ابن زنجوية: الاموال ٢: ٢٧١ـ ٢٧٢ والاثر صحيح.

٣) البخاري: الصحيح ٢: ٢٧، ومسلم: الصحيح (بشرح النووي) ١١: ٧.

٤) مالك: موطأ ٢: ١٤٨، وعبدالرزاق: المصنف ٨: ٢٠٦ـ ٢٠٨، وعمر بن شبة: تاريخ المدينة ٢: ٧٤٩ـ ٧٥٠، والبيهقي: السنن الكبرى ٦: ٢٩ والاثر صحيح.

٥) البخاري: الصحيح (مع حاشية السندي) ٢: ٢٠ـ ٢١، ومسلم: الصحيح (بشرح النووي) ١١: ١٢.

قۆرخکردنیشی قەدەغە کردبوو "کەسێك شمەك بکڕێ بۆ کاتی گران بوونی نرخ لە بازاڕی ئێمە مامەڵە نەکات"،[1] هەروەها مامەڵەشی قەدەغە دەکرد لەسەر کەسێك حوکمەکانی کڕینو فرۆشتن نەزانێت.[2]

دانانی کەسانێك بەناوی عەریفو نەقیب بۆ یارمەتیدان لە گەیاندنی خەڵات بۆ شایستەکان

موسڵمانان هەر لە کاتی بەیعەتی عەقەبەی دووەمەوە ئاشنا بوون بە سیستمی عورەفاو نوقەبا، ئەم سیستمەش جارێکی تر تازە بوویەوە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب، کاتێك کە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص لە جەنگی قادسیە سەربازەکانی بەو شێوە ڕێکدەخست "سەرکردەی سەربازیو عەریفی دادەنا، لەسەر هەموو دە کەس عەریفێکی دادەنا، خەڵکیشی دابەشکرد بۆ دەیان و سەدانو هەزاران، ئینجا لەسەر دەیان کەسانێکی دەکردە فەرماندە کە هۆکاریان هەبوو لە ئیسلام".[3]

عەریفەکان بەرپرس بوون لەسەر سەربازەکانیان لە بەرانبەر سەعد، ئەمجا ئەم سیستمە شارەکانی تری گرتەوە، تاکو گەیشتە ئەوەی کە عەریفەکان بەرپرس دەبوون لەسەر هۆزەکان بەرانبەر فەرمانڕەوا، واش دەردەکەوێت کە ئەم شێوازە هەندێ گۆڕانکاری بەسەردا هات پاش ماوەیەك لەساڵی (١٧ ك) جارێکی تر پۆلێنکردنی خەڵکی کرایەوە بەشێوەیەك کە ئافرەتان و منداڵانیش بگرێتەوە.

هۆزەکانیش کرانە حەوت حەوت لە جیاتی دە دە، لە هەموو حەوتێکدا کۆمەڵێك هۆز دەخرانە یەك،[4] شێوازی ڕێکخستنی نوێ گەیشتە بەصرەیش، بۆیە خەڵاتەکان دەدرانە دەستی سەرکردەی حەوتەکانو ئاڵا بەرزکەرەوەکان، کە عەرەب بوون، ئەوانیش دەیاندایە عەریفو نەقیبو

١) مالك: الموطأ ٢: ١٤٨، وعبدالرزاق: المصنف ٨: ٢٠٦، وابن شبة: تاريخ المدينة ٢: ٧٤٨- ٧٤٩، ويعتضد بطرقه الى الحسن، ووردت روايات اخرى ضعيفة في نهيه عن الاحتكار (أحمد: المسند١: ٢١، وابن ماجة: السنن ٢: ٢١٥٥، والبيهقي: دلائل النبوة ٦: ٢٤٦ والازرقي: أخبار مكة ٢: ١٣٥، وابن ابي شبة: المصنف ٤: ٣٤٧، ٣٨٦).

٢) الترمذي: السنن ١: ٣٠٣- ٣٠٤، وعبدالرزاق: المصنف ٤: ٤٨٣ وابن أبي شبة المصنف ٥: ١٥ ويعتضد الأثر الى الحسن لغيره.

٣) الطبري: تأريخ ٤: ٤٩.

٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ٤: ٤٨.

ئەمینەکان، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە دەیاندایە شایستەکانی لە نێو ماڵەکانیان،[1] ئەم سیستمە بەردەوام بوو لە سەردەمی عوسمان و عەلی-ش،[2] شایانی باسە ئەم سیستمە یارمەتی فەرمانڕەوای دەدا بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگاو سپاردنی داواکراوەکان بە دادگاو ئامادەکردنی جەنگاوەرەکان و شارەزا بوون لە بیروڕای خەڵکی و نوێنەرایەتی کردنیان بەرامبەر فەرمانڕەوا.

فەرمانبەران لەسەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکر:[3]

١- حەنزەلەی کوڕی ڕەبیعی ئوسەیدی (نوسەر).

٢- عەبدوڵڵای کوڕی ئەرقەم (نووسەر).

٣- عەبدوڵڵای کوڕی خەلەفی خوزاعی (نووسەر).

٤- موعەیقیبی کوڕی ئەبو فاتیمەی دەوسی (نووسەر).

٥- ئەبوعوبەیدەی عامیری کوڕی جەڕاح (بیت المال).

٦- سەعدولقورەزی مەولای عەمماری کوڕی یاسر (بانگدەر).

٧- زەیدی کوڕی سابیت (نووسەرو دابەشکاری میراتی).

٨- عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف (سەرکردەی حەج).

٩- ئەبو مەسلەمەی ئەنصاری (خارص..).

بەرپرسانی زەکات:[4]

١- ئەنەسی کوڕی مالیك (بەحرێن).

٢- سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص (هەوازن).

٣- عەمری کوڕی عاص (قەزاعە).

٤- وەلیدی کوڕی عوقبە (قەزاعە).

٥- سەعدی کوڕی زربابی دەوسی (دەوس).

٦- عەدی کوڕی حاتیمی تائی (تەی).

---

١) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٤: ٤٩.

٢) أبوعبيد: الأموال ٣٤٥.

٣) خليفة: التاريخ ١٢٣، والطبري: التاريخ ٣: ٣٤٢، و٦: ١٧٩، وابن سعد: الطبقات الكبرى ٦: ٩٦.

٤) عبدالعزيز المقبل: خلافة ابي بكر ٩٤- ٩٥.

٧- زەبورقانی کوڕی بەدری تەمیمی (ڕەبابی کوڕی عەوف و کوڕانی بەنی سەعد لە تەمیم).

٨- قەیسی کوڕی عاسیم (مەقاعسو عەشیرەتەکانی بەنی سەعد لە تەمیم).

٩- صەفوانی کوڕی صەفوان (بەنی عەمر لە تەمیم).

١٠- سەبرەی کوڕی عەمر (خەزەم لە بەنی عەمر لە تەمیم).

١١- سەعیدی کوڕی خەففافی تەمیمی (عەشیرەتەکانی تەمیم).

١٢- هەیسەمی سولەمی (بەنو سەلیم).

فەرمانبەران لە خیلافەتی عومەر:[1]

١- زەیدی کوڕی سابیت (نووسەر).

٢- موعەیقیب (نووسەر).

٣- عەبدوڵڵای کوڕی خەلەفی خوزاعی (نووسەری دیوانی بەصرە).

٤- ئەبو جوبەیرەی کوڕی زەححاکی ئەنصاری (نووسەری دیوانی کووفە).

٥- یەرفە (پاسەوان).

٦- یەسار (خەزنەدار).

٧- عەبدوڵڵای کوڕی ئەرقەم (بیت المال).

٨- عەرفەجەی کوڕی هەرسەمە - یان عوتبەی کوڕی فەرقەد - (باجی بەصرە).

٩- ئەقرەع (بانگدەر).[2]

١٠- موسلیمی کوڕی موشکەم (نووسەری ئەبو دەردائی قازی دیمەشق).[3]

١١- سولەیمانی کوڕی ئەبو حەسەمەی قوڕەیشی عەدەوی (لێپرسراوی بازاڕی مەدینە).

١٢- عەبدوڵڵای کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعودی هوزەلی (لێپرسراوی بازاڕی مەدینە).[4]

١٣- عەمری کوڕی عەبسە (لێپرسراوی گەنجینەکانی دانەوێڵەو خۆراك لە ئەهرا (شام)).[5]

---

١) خليفة: التاريخ ١٥٦، والطبري: التاريخ ٤: ٣٩، وابن عبدالبر: الاستعاب ٤: ٤١.

٢) أبوداود: السنن ٤: ٢١٤، رقم ٤٦٥٦، وابن أبي شيبة: المصنف ٢: ٣ والذهبي: تاريخ الاسلام (عهد الخلفاء الراشدين ٤٧٥.

٣) ابن سعد: الطبقات الكبرى، ٧: ٤٥.

٤) ابن سعد: الطبقات الكبرى ٥: ٥٨، وابن عبدالبر: الاستعاب٢: ٦٥، ١٠٦، ٣٦٦. ابن حجر: الاصابة ٢: ١٠٦، ٣٤٠.

٥) الطبري: تاريخ ٤: ٦٧.

فەرمانبەرانی خیلافەتی عوسمان:[1]

١ـ زەکەریای کوڕی جەهمی کوڕی قەیس (لێپرسراوی پۆلیسی میسر).[2]

٢ـ خاریجەی کوڕی حوزافەی کوڕی غانیمی کوڕی عامیر (لێپرسراوی پۆلیسی میصر).[3]

٣ـ عەبدوڵڵای کوڕی قونفوز (لێپرسراوی "الشرط").

٤ـ حەمرانی کوڕی ئەبان (پاسەوان).

٥ـ عەبدوڵڵای کوری ئەرقەم (بیت المال).

٦ـ مەروانی کوڕی حەکەم (نووسەر).

٧ـ جابری کوڕی عەمری موزەنی (باجی رەشە خاك).

٨ـ سەماکی ئەنصاری (باجی رەشەخاك).

٩ـ عوقبەی کوڕی عەمر (بیت المال).

١٠ـ چل کەس لە سیابجەکان (پاسەوانێتی (بیت المال)ی بەسرە).[4]

فەرمانبەران لە خیلافەتی عەلی:[5]

١ـ مەعقیلی کوڕی قەیسی ریاحی (الشرط)

٢ـ مالکی کوڕی خەبیبی یەربووعی (الشرط)

٣ـ ئیسبەغی کوڕی نوباتەی مەجاشعی (پۆلیسی پێنجشەممە).

٤ـ سەعیدی کوڕی نەمرانی هەمەدانی (نووسەر).

٥ـ عوبەیدوڵڵای کوڕی ئەبورافیع (نووسەر).

٦ـ قەمبەر ـ ئەبو یەزید ـ (پاسەوان).

٧ـ چل کەس لە سیابجە (پاسەوانێتی (بیت المال) لە بەصرە).[6]

---

١) خليفة: التاريخ ١٧٩، والطبري: التاريخ ٤: ٤٢٢.

٢) ابن حجر: تهذيب التهذيب ٣: ٧٤، والكندي: ولاة مصر ٣٣.

٣) الكندي: ولاة مصر ٣٣.

٤) صالح العلي : التنظيمات الاجتماعية والاقتصادية في البصرة ١١٢.

٥) خليفة: التاريخ ٢٠٠ـ ٢٠١.

٦) البلاذري: فتوح البلدان ٣٦٩.

بەشی دووەم

دادوەری

دادوەری لە سەردەمی خیلافەتی راشیدە :

داوەر جێگاو کارێکی دیاری کراوی نەبوو لە سەردەمی ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت)، بەڵکو زانایانی هاوەڵان هەڵدەسان بەو کارە، خەلیفەش خودی خۆی داوەری لە نێوان خەڵکیدا ئەنجام دەدا لە مەدینە، جارجاریش عومەری خەتتاب (رەزای خوای لێبێت) ئەو کارەی دەکرد بە فەرمانی ئەبوبەکر، فەرمانڕەوایانیش بەرپرسی داوەری بوون لە شارەکان.

بەڵام لە سەردەمی عومەرەوە هەندێ لە هاوەڵانی وەکو دادوەر دانا لە مەدینە، لەوانە: زەیدی کوڕی سابیتو ئەبودەردا،[١] هەروەها ژمارەیەکیشی لە داوەران دەستنیشان کرد بۆ شارەکان وەکو: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بۆ داوەریی کووفەو[٢] شورەیحی کوڕی حارسی کیندی لەسەر داوەریی کووفەو[٣] عوبەیدەتولسەلمانی لەسەر داوەریی کووفە.[٤] بەراستی ژیریی عومەر دەرکەوت لە هەڵبژاردنی ئەو دوو کەسە، چونکە ئەوان خزمەتێکی زۆری خەڵکیان کرد لە بواری داوەریی لە سەردەمی راشیدینو ئومەوی. هەروەها عومەر هەڵسا بە دانانی عوبادەی کوڕی صامت لەسەر داوەریی حیمصو قەنسەرین،[٥] بەم کردارەش عومەر (رەزای خوای لێبێت) دەسەڵاتی داوەریی دابڕی لە دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان ، بەم

شێوەیەش پلە و پایەی ئەو کارە بەهێز دەبوو، پەیوەندیشی راستەوخۆ بە خەلیفەوە بوو.[٦]

بەڵام هەندێك لە فەرمانڕەواکان هەر بە خۆیان هەڵدەسان بە ئەرکی داوەریی لەو ولایەتە ناوخۆیانەی کە جێگیر بوونو فەرمانڕەواکان کاتی پێویستیان بەدەستەوە بوو، بە پێچەوانەی ئەو ولایەتانەی کە

١) عمر بن شبة: تاريخ المدينة ٢: ٦٩٤، ووكيع: أخبار القضاة ١: ١٠٨.

٢) البلاذري: فتوح البلدان ٢٦٩ .

٣) وكيع: أخبار القضاة ٢: ١٩٨ ـ ١٩٩.

٤) الذهبي: سير اعلام النبلاء ٤: ٤٠، وابن العماد: شذرات الذهب ١: ٧٨.

٥) البلاذري: فتوح البلدان ١٤٦.

٦) بیردۆزی سەربەخۆیی دەسەڵاتی داوەریی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە نووسینەکانی مونتسکیو سەری هەڵدا کە رێخۆشکەر بوو بۆ شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩م.

هاوسنوور بوون لەگەڵ دوژمنان، لەو حاڵەتە فەرمانڕەواکان سەرقاڵی ئەرکە سەربازیو ئیداری یەکان دەبوون،[1] ئینجا عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) ئامۆژگاری فەرمانڕەواکانی دەکرد پیاوچاکان هەڵبژێرن بۆ داوەرییو مووچەی باشیان پێبدەن کە بەشیان بکات.[2]

عوسمانیش (ڕەزای خوای لێبێت) جاری وابوو داوەریی دادەمەزراند لەسەر هەرێمەکان وەکو دانانی کەعبی کوڕی سوور لەسەر داوەری بەصرە، جاری وایش هەبوو ئەو مەسەلەی بۆ فەرمانڕەواکە بەجێدەهێشت، بۆ نموونە داوای کرد لە فەرمانڕەوای بەصرە هەڵسی بە کاری دادوەریی وێڕای ئیشەکەی خۆی، ئەمەش لە پاش لابردنی بوو بۆ کەعبی کوڕی سوور، هەروەها یەعلای کوڕی ئومەیە فەرمانڕەواو داوەری صەنعا بوو.[3]

تێبینی دەکرێت هەندێك لە فەرمانڕەواکان داوەری شارەکانی خۆیانیان بەخۆیان هەڵدەبژارد، ئەوانیش بەرپرس بوون بەرانبەریان، ئەوەش ئاماژە بە فراوانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایان دەکات لەسەردەمی عوسمان.

عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) بەخۆی هەڵدەسا بە ئەرکی داوەری لە کووفە، بەڵام سەبارەت بە شارەکان زۆر جاران داوەری لەڕێگەی فەرمانڕەواکانەو بۆ دادەنرا،[4] بەڵام عەلی خۆی چەند داوەرێکی ڕاستەوخۆی دامەزراند.[5]

سەرچاوەکانی حوکمکردن لە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدە بریتی بوون لە قورئانو سوننەتو ئیجماعو کۆششو ڕا.

ئەوانەش کە دەناسران لەسەردەمی خیلافەتی ڕاشیدە لە زانایانی هاوەڵانو ئەوانەی کە فتوادانیان لە ئەستۆ دەگرت بە زۆری، یان ناوەنجی، بریتیبوون لە ئەبوبەکری صددیقو عومەرو عوسمانو عەلیو عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودو عائیشەو موعازی کوڕی جەبەلو ئەبوموسای ئەشعەریو

---

١) عبدالعزيز ابراهيم العمري: الولاية على البلدان ٢: ٩٢.

٢) الذهبي: سير أعلام النبلاء ١: ٤٥٤ـ ٤٥٥، وابن قدامة: المغني ٩: ٣٧ والسمناني: روضة القضاة وطريق النجاة ٨٦.

٣) خليفة: التاريخ ١٧٩.

٤) عبدالعزيز ابراهيم العمري: الولاية على البلدان ٩٣ نقلاً عن عبدالله عثمان علي مقبل: قضاة أمير المؤمنين علي ص٢٩٠ (ماستەرنامەیە لە لقی (السياسة الشرعية بالمعهد العالي للقضاة)).

٥) خليفة بن خياط: التاريخ ٢٠٠.

ئەنەسی کوڕی مالیكو ئەبوهورەیرەو سەلمانی فارسیو ئەبو سەعیدی خودریو عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵڵای کوڕی عەباسو زەیدی کوڕی سابیت.[1]

جێبەجێکردنی سنوورە شەرعی یەکان:

داوەر لە سەردەمی خیلافەتی راشیدە لە هەموو جۆرە کێشەو ناکۆکی یەکان دادوەری دەکرد، لە هەر بوارێکدا بوایە، قەرەبووی دارای، کاروباری خێزان، سنوورەکانو تۆڵەی کوشتنەوە، هەر جۆرە دەمەقاڵەیەك، هیچ شتێکیش نەهاتووە دەربارەی ئەوەی کە لەم رۆژگارەدا بە تایبەتمەندی داوەری بناسرێت، ئەوە نەبێت کە کاتێك عومەر سائیبی کوڕی یەزیدی بە داوەر داناوە پی وتووە: "رُد عنی الناس فی الدرهم والدرهمین" خەڵکیم لە کۆڵ بکەرەوە لە درهەمو دوو درهەمدا.[2]

ئینجا دەکرێت خەلیفە مەسەلەیەکی دیاریکراو بسپێرێ بە داوەرێكو بە تەواوبوونی کاری تەواو بێت،[3] داوەرەکان حوکمیان دەکرد لە مافەکانی شارستانیو باری کەسێتی، بەڵام سەبارەت بە تۆڵەو سنوورەکان ئەوە تایبەت بوو بە خەلیفەو فەرمانڕەوای شارەکان، حوکم نەدەدرا بەبێ رەزامەندی ئەوان،[4] دواتریش جێبەجێکردنی تۆڵەی کوشتنەوە تەنها تایبەت کرا بە خەلیفەوە، فەرمانڕەواکانیش مافی سەلماندنیان هەبوو لەسەر بڕیارەکانی تۆڵەو سزای جێبەجێکردنی کوشتن.[5]

داوەریی جێگایەکی تایبەتی نەبوو، بەڵکو داوەر بڕیاری دەدا لەماڵو مزگەوتدا، زیاتریش لە مزگەوت دادەنیشتن بۆ ئەو مەبەستە.[6]

بڕیارەکانیش تۆمارنەدەکران لەبەر کەمیو ئاسانی پاراستنی،[7] داوەریش دەسەڵاتی زیندانیکردنی تۆمەتباری هەبوو بۆ سەرزەنشتو ماف لێوەرگرتنەوە، عومەرو عوسمانو عەلی ئەو کارەیان

---

١) ابن القیم: أعلام الموقعین ١: ١٢ـ ١٣.

٢) ابن عبدالبر: الاستعاب ٢: ١٠٦، وابن حجر: الاصابة ٢ـ ١٣، ومناع القطان: النظام القضائي في العهد النبوي وعهد الخلفاء الراشیدین ١: ٣٩٥ ـ ضمن وقائع ندوة النظم الاسلامیة ـ (أبوظبي ١٨ ـ ٢٠ صفر ١٤٠٥ هـ، ١١ـ ١٣ نوفمبر ١٩٨٤م).

٣) مناع القطان: النظام القضائي في العهد النبوي وعهد الخلافة الراشدة ١: ٣٩٦.

٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ١: ٣٩٦.

٥) محمد حمید الله: الوثائق السیاسة ٥٢١.

٦) مناع القطان: النظام القضائي ١: ٣٩٩.

٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ١: ٤٠٩.

ئەنجامداوە،[1] بۆیە دەوڵەتیش بەندیخانەی دروستدەکرد لە مەڵبەندی شارەکان، تۆڵەی کوشتنەوەش لە دەرەوەی مزگەوتەکان جێبەجێ دەکرا.[2]

کەمی دوژمنایەتی و ناکۆکی لە نێو خەڵکیدا:

خەڵکی لە ئاستێکی بەرزدا بوون لە هۆشیاری ئیسلامی، مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر بە پیاوەتیو جوامێری دەکرد بۆیە ناکۆکیان کەم بوو، ئەمەیش باری داوەرەکانی سووک دەکرد.

کاتێك ئەبوبەکر بوو بە خەلیفە ئەبوعوبەیدە پی وت: "(بیت المال) لەسەر من، عومەریش وتی: داوەری لەسەر من، ئیدی لە ماوەی دوو ساڵدا دوو کەس نەهاتە لای.[3]

شەقیقی کوڕی مەسلەمە دەڵێت: "سەردانی سەلمانی کوڕی ڕەبیعەم دەکرد کاتێك بوو بە داوەری کووفە، لە چل ڕۆژدا کەسێکم نەبینی بێتە لای".[4] سەلمانی کوڕی ڕەبیعەش یەکەم کەس بوو کە داوای داوەری کرد لە کووفە.[5]

ئینجا دەوڵەت هانی خەڵکی نەدەدا بۆ دانپێدان بە هەڵەو تاوانەکانیان، بەڵکو دەیویست دایانپۆشێو تەوبە بکەن لە نێوان خۆیانو خوادا، شورەحبیلی کوڕی سەمتی کیندیش لە وتارەکەیدا ـ کە ئەو کاتە بەرپرسی چەکدارانی لای مەدائین بوو ـ[6] وتی: خەڵکینە، ئێوە لە خاکێکدان مەی خواردنی تیادا بڵاوە، ئافرەتیشی تیادا زۆرە، ئەگەر کەسێکتان سنوورێکی خوای شکاند با بێتە لامان داری حەددی لێبدەین، چونکە ئەوە پاکبونەوەیەتی، ئەم قسە گەیشتە عومەرو نامەیەکی نارد: ڕێگات نادەم فەرمان بە خەڵکی بکەیت ئەو پۆشاکە ئەتك بکەن کە پی پۆشیوون".[7] بەڵام ئەگەر کێشەکان بگەشتنایەتە داوەری دەوڵەت سزاکانی جێبەجێدەکرد بەبێ چاوپۆشی.

---

١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ١: ٤١٠، والشوكاني: نيل الاوطار ٧: ١٥٩ـ ١٦٠.

٢) ابن حجر: فتح الباري ١٦: ٢٥٠.

٣) الطبري: تاريخ ٣: ٤٢٦.

٤) ابن عبدالبر: الاستعاب ٢: ٦٢ وابن الاثير: أسد الغابة ٢: ٣٢٧.

٥) ابن حجر: الاصابة ٢: ٦١.

٦) جەنگاوەرگەلێك بوون چاودێری دوژمنیان دەکرد لەو سنووەری کە تیایدا جێگیر بوون، نەکو لە پڕ هێرش بکەن، ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەشیان لە ئەستۆ دەگرت لە جیاتی ئەو دوای موسڵمانان.

٧) عبدالرزاق: المصنف ٥: ١٩٧ـ ١٩٨، والمتقي الهندي ٥: ٥٦٩ـ ٥٧٠ واللفظ له. وناصر بن عقيل الطريفي: القضاء في خلافة عمر بن الخطاب ٢: ٨٦٢. هەروەها بڕوانە هەندێ بڕیاری داوەرەکان کە پشتگیری لە ئەم بۆچوونە دەکەن: (ابن أبي شيبة : المصنف ١٠: ١٥، وعبدالرزاق: المصنف ٧: ٣٧٠ـ ٣٧١).

سەبارەت بە داپۆشینی تاوانەکان، دەگێڕنەوە کە ئافرەتێك بوو داوێن پیسی کردبوو، مامی هاتە لای عومەری کوڕی خەتتاب لە مەدینە، عومەر پیوت: "ئەگەر تاوانەکەت باسکردایە سزام دەدای، ئەگەر پیاوێکی چاك هاتە خوازبێنی لی مارە بکە".[1]

جارێکی تریش لە حاڵەتێکی هاوشێوە دا فەرمووی: "بیدە بە شوو وەکو هەر کچێکی داوێنپاکی موسڵمان".[2]

خەلیفەکان خۆیان ملکەچی بڕیارەکانی داوەری دەکرد:

خەلیفە راشیدەکان یەکسان بوون لەگەڵ خەڵکیدا لە مەسەلەی بەجێهێنانی داوەری، بەڵکو پلەوپایەی داوەرەکانیان بەهێزو رێزدار دەکرد کاتێك داوایان لێدەکردن بەهەموو شێوەیەك پەیڕەوی بکەن لە دادەریو یەکسانی لە نێوان خەڵکیدا چی فەرمانڕەوا بن یان فەرمانپێکراو. سەرکردەی ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب (رەزای خوای لێبێت) ناکۆکی یەکی بوو لەگەڵ هاوەڵی مەزن ئوبەی کوڕی کەعب لەسەر خاوەندارێتی باخێك، بۆیە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو مەسەلەیە چوونە لای زەیدی کوڕی سابیت لە ماڵەکەیدا، کاتێك کە چوونە ژورێ عومەر پی وت: هاتووینەتە لات داوەری لە نێوانماندا بکەیت، زەید خۆی لاداو سەرووی ژوورەکەی بۆ چۆڵ کردو وتی: ئا لێرە دانیشە ئەی سەرکردەی بڕواداران، عومەر فەرمووی: ئەی زەید لە یەکەم داوەریتدا ستەمت کرد، بەڵکو لەگەڵ ئوبەی دامنیشێنە، ئوبەی داوای کردو عومەر نکوڵی کرد، زەید وتی: ئەی ئوبەی با ئەمیرولمؤمنین سوێند نەخوات، سوێند بە خوا ئەم داوام لەبەر هیچ کەسێکی تر نەدەکرد، ئەمجا عومەر سوێندی خوارد، دوایش جارێکی تر سوێندی خواردو فەرمووی: زەید بە پلەی داوەری ناگات تا عومەر و هەرکەسێکی تری بەلاوە یەکسان نەبێت".[3]

جارێکیش عومەر مامەڵەی ئەسپێکی کرد بیکڕێت، ئەمجا سواری بوو بۆ تاقیکردنەوەیو لەو کاتەدا ئەسپەکە شتێکی بەسەردا هات، پی وت بگرە ئەسپەکەت، کابرایش رازی نەبوو، بۆیە چوونە لای شورەیح، جا شورەیح بە عومەری وت: ئەی سەرگەورەی ئیمانداران یان ئەسپەکە ببە، یان چۆن پی داوی وا بیگەڕێنەوە. عومەر فەرموی: داوەری وا دەبێت. دواتر شورەیحی نارد بۆ

---

١) الشافعي: الأم ٥: ١٣٢، والطبري: تفسير ٦: ٦٧.

٢) ابن قدامة المقدسيي: المغني ٧: ٣٦٨، ٤٣٣.

٣) وكيع: اخبار القضاة ١: ١٠٨ـ ١٠٩، والبيهقي: السنن ١٠: ١٣٦، ١٤٤، ١٤٥.

کووفە وەکو داوەرێك.[١] بەردەوامیش نامەی دەنارد کە تیایدا ئاڕاستەی دادوەری و ڕێگەکانی دەکرد.[٢]

تاوانو سزاکان:[٣]

١ـ ساختەکردنی مۆری (بيت المال) لە کووفە لە لایەن مەعنی کوڕی زائید، لە سەردەمی عومەر، سزاکەی: سەد قامچی.[٤]

٢ـ پیاوێك دزی کردبوو لە (بيت المال) لە کووفە لە سەردەمی خیلافەتی عومەر.

سزاکەی: لێدانی بە قامچی لەگەڵ جێبەجی نەکردنی سزای دەستبڕین، چونکە بەشی هەیە لە (بيت المال).[٥]

٣ـ دزینی چەند خزمەتکارێکی حاتیب بۆ وشترێك و خواردنی گۆشتەکەی (لە خیلافەتی عومەر).

سزاکەی: جێبەجێنەکردنی سزای دەستبڕین لەسەریان لەبەر ناچاریو هەڕەشەکردن لە خاوەنەکەیان کە برسیان نەکاتو بژاردنی دوو بەرانبەر، نرخی وشترەکەیش (٨٠٠ درهەم).[٦]

٤ـ ئافرەتێکی شێت زینای کرد (لە سەردەمی عومەر).

سزاکەی: بە هۆی شێتی سزای لەسەر جێبەجێنەکرا.[٧]

٥ـ یەکیك لە (أهل الذمة) بە تۆپزی زینای کرد لەگەڵ ئافرەتێکی موسڵمان (لەسەردەمی عومەر).

---

١) إبن سعد: الطبقات الكبرى ٦: ١٣٢، ووكيع: أخبار القضاة ٢: ١٨٩.

٢) وكيع: أخبار القضاة ٢: ١٨٩، ١٩٢.

٣) ئەم لیستە ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە دوو سەرچاوە:

١ـ صبحي محمد حصاني: تراث الخلفاء الراشدين في الفقه والقضاء، نشر دار العلم للملايين.

٢ـ ناصر بن عقيل الطريفي: القضاء في عهد عمر بن الخطاب "مجلدان" نشر دار المدني، جدة.

٤) مسلم: الصحيح (بشرح النووي) ٥: ١٢٦، و١١: ٢٢١ـ ٢٢٢، وأبوداود السنن ٤: حديث رقم ٤٤٩١، والعيني: عمدة القارئ ٢٤: ٢٣.

٥) الشافعي: الام ٧: ٢١٦، ٣٣١، وابن قدامة: المغني ١٠: ٢١٦، ٢٧٦ـ ٢٨٧، وابن حزم: المحلى ١١رقم ٢٢٦٤، والسرخسي: المبسوط ٩: ٥٣ و ١٦: ١٥٣.

٦) مالك: الموطأ (بشرح السيوطي ٢: ١٢٤)، وابن القيم: أعلام الموقعين ٣: ٧ـ ٨، ٢٩ـ ٣٣، والشافعي: الأم ٧: ٢١٥، وابن قدامة: المغني ١٠: ٢٧٣ـ ٢٨٩، وابن حزم: المحلى ١١: ٣٤٣ رقم ٢٢٧٧، والسرخسي: المبسوط ٩: ٥٣ء ١٦: ١٥٣.

٧) ابن حجر: فتح الباري ٩: ٣٤٤ و ١٢: ٤٠٧، والعيني: عمدة القارئ ٢٠: ٢٥١ـ ٢٣: ٢٩٢، واحمد: المسند ١: ١٥٤ـ ١٥٥، والشافعي: الأم ٧: ١٦٨، وابن قدامة: المغني ١٠: ١١٩، ١٦٩.

سزاکەی: لە خاچدان، چونکە سەرپێچی مەرجەکانی کردووە.[1]

٦ـ زۆرلێکردنی چەند ئافرەتێك بۆ داوێنپیسی (لە خیلافەتی عومەر).

سزاکەی: جێبەجێنەکردنی سزای زینا لەسەریان بە هۆی زۆرلێکردنەوە.[2]

٧ـ چەند کەسێك داوێنپیسی یان ئەنجامدابوو بێ ئەوەی بزانن کە حەرامە (لە خیلافەتی عومەر).

سزاکەی: جێبەجێنەکردنی حەددی زینا لەسەر هەموو کەسێك کە نازانێ حەرامە.[3]

٨ـ ئافرەتێك شوو دەکات لە ماوەی عیددەکەیدا، بەڵام نە خۆی و نەپیاوەکەشی نازانن کە ئەوە حەرامە (لە خیلافەتی عومەر).

سزاکەی: جێبەجێنەکردنی سزا لەسەر ئافرەتەکە و قامچی لێدانی پیاوەکە وەکو تەعزیر لەگەڵ جیاکردنەوەشیان.[4]

٩ـ شووکردنی ئافرەتێکی مێرددار بێ ئەوەی باسی مێردەکەی بکات (لە سەردەمی عومەر).

سزاکەی: بەردبارانکردنی ژنەکە (رجم)و لێدانی سەد قامچی لە پیاوەکە، بەردەباران نەکرا، چونکە نەیزانیوە.[5]

١٠ـ ژنێکی ئەعجەمی زینای کردو بە حەرامی ئەو کردارەی نەزانی.

سزاکەی: لابردنی سزاکە لەسەری.[6]

١١ـ شایەتیدانی سێ کەس لەسەر موغیرە بە زیناکردنو کشانەوەی شایەتی چوارەم (لە خیلافەتی عومەر).

سزاکەی: جێبەجێکردنی سزای بوختان لەسەر سێ شایەتەکە[7]، هەشتا قامچی، (بوختان تۆمەتبارکردنی کەسێك دەگرێتەوە بە زینا یان نکوڵی کردن لە رەچەڵەکی مێردەکەی بە بوختان ،

١) ابن قدامة: المغني ١٠: ٦٠٩، ٦٣٤، والسرخسي ٩: ٥٧.

٢) وكيع: اخبار القضاة ١: ١٠١ـ ١٠٢، وابن رشد: بداية المجتهد ٢ـ ٣٦٥، وابن قدامة: المغني ١٠: ١٥٩ـ ١٨٥.

٣) الشافعي: الأم ٧: ٣١٥، وابن حزم: المحلى ١١: رقم ٢١٩٤، ٢٢٠٦، والسرخسي: المبسوط ٩: ٥٣، وابن قدامة: المغني ١٠: ١٢٠، ١٥٤ـ ١٥٦، ١٨٤، والقرطبي: تفسير ١٢: ١٠٧، وابن حجر: فتح الباري ٤: ٣٨٤، والشوكاني: نيل الأوطار ٧: ٨٨.

٤) سەرچاوەکانی پێشوو.

٥) سەرچاوەکانی پێشوو.

٦) سەرچاوەکانی پێشوو.

٧) مسلم: الصحيح (بشرح النووي) ١١: ١٩٥، والشيرازي: المهذب ٢: ٣٤٢، والسرخسي: المبسوط ٩: ٣٨، ٩٣.

جۆرەکانی تری جنێو ناگرێتەوە)[1].

١٢ـ ژنێك مێردەکەی خۆی تۆمەتبارکرد بە زیناکردن لەگەڵ کەنیزەکەکەی دواتر دانی بەوەدا نا کە پی بەخشیوە (لە سەردەمی عومەر).

سزاکەی: جێبەجێکردنی سزای بوختان لەسەر ژنەکە ـ هەشتا قامچی ـ[2]

١٣ـ چەند کۆیلەیەك زینایان کردبوو ـ لە کۆیلەکانی فەرمانڕەوایەتی ـ.

سزاکەی: پەنجا قامچی.[3]

١٤ـ پیاوێك مەی خواردبوو لە ڕەمەزان (لە سەردەمی عەلی).

سزاکەی: هەشتا قامچی لەگەڵ بیست قامچی تر وەکو تەعزیر لەبەر حورمەتی ڕەمەزان.[4]

١٥ـ هەندێ هاوەڵ مەیان خواردبوو (زیرار ئەبوجەندەل) بە (تأویل) کردن (لەسەردەمی عومەر).

سزاکەی: هەشتا قامچی (وێڕای داواکردنی تۆبەکردنیانو دانپێدنانیان کە مەی خواردن حەڕامە ئەگەر نا دەکوژرێن ئەگەر بڵێن مەی خواردن حەڵاڵە).[5]

١٦ـ کەسێك لە ئیسلام پاشگەزبووبایەتەوە (لە سەردەمی هەر چوار خەلیفەکە).

سزاکەی: سێ جار داوای گەڕانەوەی لێدەکرا بە پێچەوانەوە دەکوژرا.[6]

١٧ـ ئومولقەرەفە لە ئیسلام پاشگەزبوویەوەو کوڕەکانیشی دژ بە موسڵمانان هان دەدا (لە خیلافەتی ئەبوبەکر).

سزاکەی: سزا درا بە کوشتن.[7]

١٨ـ پاشگەزبوونەوەی بەنی حەنیفە (لە خیلافەتی ئەبوبەکر).

---

١) صبحي محمصاني: تراث الخلفاء الراشدين في الفقه والقضاء ٢٣٥.

٢) الشافعي: الأم ٧: ١٦٩، وابن حزم: المحلى ١١: ٢٢٣٩، وابن قدامة المقدسي: المغني ١٠: ٢٠٨ـ ٢١٥.

٣) الموطأ: ٢: ٨٢٧.

٤) القرطبي: تفسير ١٢: ١٦٥، والسرخسي: المبسوط ٢٤: ٣٣.

٥) القرطبي: تفسير ٦: ٢٩٩، والطبري: تاريخ ٤: ٢٢٢.

٦) مالك: الموطأ (بشرح السيوطي) ٢: ١١٧، وابن حزم: المحلى ١١: رقم ٢١٧٠، ٢١٩٥، والشيرازي: المهذب ٢: ٢٣٨، والسرخسي: المبسوط ١٠: ٩٩، وابن رشد: بداية المجتهد ٢: ٣٨٠، وابن قدامة: المغني ١٠: ٧٢ـ ٨٠، ١٠٠.

٧) مسلم، الصحيح (بشرح النووي) ١٢: ٢٠٩، والشافعي: الأم ٦: ١٠٦، وابن قدامة: المغني ١٠: ٧٤، ٧٨، ١٠١، وابن حجر: فتح الباري ١٢: ٢٣٦، والعيني: عمدة القاري ٢٤: ٨٠، والسرخسي: المبسوط ١٠: ١٠٩ـ ١١١.

سزاکەی: کوشتنی پیاوەکانیانو بە کۆیلە کردنی ژنەکانیان،[1] مەگەر کەسێکیان بڕیاری گەڕانەوەی دا بێت بۆ ئیسلام.[2]

١٩ـ حارسی کوڕی بەدر چەتەی دەکرد و دوای گەڕایەوە (لە خیلافەتی عەلی).

سزاکەی: قبوڵکردنی تەوبەکەی و لابردنی سزاکە لەسەری، چونکە تەوبەی کردووە پێش دەستگیرکردنی.[3]

٢٠ـ دەستگیرکردنی چەتەیەك (لەسەردەمی عەلی).

سزاکەی:

أ ـ ئەگەر دزی نەکردبێتو کەسی نەکوشتبێت زیندانی دەکرێت تا تەوبە دەکات.

ب ـ ئەگەر دزی کردبێتو کەسی نەکوشتبێت هەردوو دەستو قاچەکانی دەبڕێنەوە لە پشتەوە.

ج ـ ئەگەر کەسی کوشتبێت و دزیشی کردبێت هەردوو دەستو قاچەکانی لە پشتەوە دەبڕێنەوەو ئەمجا لە خاچ دەدرێت تا دەمرێت.

د ـ ئەگەر تەوبەی کرد پێش دەستگیرکردنی ماڵەکانی پێ دەستەبەر دەکرێتو تۆڵەی کوشتنی لێدەکرێتەوە، بەڵام سزای مورتەددی لەسەر جێبەجێ ناکرێت.[4]

تەعزیر:

بریتی یە لەو سزایەی کە داوەر دەستنیشانی دەکات بۆ هەموو تاوانو سەرپێچی یەك کە لە شەرعدا سزای دەربارە نەهاتووە.[5]

١ـ سابیئی کوڕی حاریسەی تەمیمی دزێکی کوشتبوو (لەسەردەمی عوسمان).

سزاکەی: زیندانی کردنی تا کاتی مردن.[6]

٢ـ جادووگەر (لە سەردەمانی عومەرو عوسمانو عەلی).

---

١) سەرچاوەکانی پێشوو.

٢) الشافعي: الأم ٦: ١٦٣، وابن حزم: المحلى ١١: ٢٢٧ رقم ٢١٩٦ن ٢١٩٩، والسرخسي: المبسوط ٥: ٤٩ و١٠: ٩٩ـ ١٠.

٣) الطبري: تفسير ٦: ١٤٣، وابن حزم: المحلى ١١ رقم ٢٢٥٢.

٤) هەردوو سەرچاوەی پێشوو، بۆچوونی جمهوری زانایانیشە.

٥) صبحي محمصاني: تراث الخلفاء الراشدين في الفقة والقضاء ٢٥٦.

٦) ابن حزم: المحلى ١١ رقم ٢٢٥٨، وابن فرحون: تبصرة الحكام ٢: ٢٢٦.

سزاکەی: کوشتنی، ئەگەر تەوبەی نەکردایە.[1]

٣ـ جنێودان بە پێغەمبیەر ﷺ (لە سەردەمی خیلافەتی راشیدە).

سزاکەی: کوشتن.[2]

٤ـ گاڵتەپێکردنی حوتەیئە بە خەڵکی لە رێگەی هۆنراوەوە (لە خیلافەتی عومەر).

سزاکەی: زیندانی.[3]

٥ـ نەصری کوڕی حەججاج ژنانی بوو، هۆنراوەشی بە ژندا دەوت (لە خیلافەتی عومەر).

سزاکەی: تاشینی قژی سەریو دەربەدەرکردنی بۆ دەرەوەی مەدینە.[4]

٦ـ راگرتنی روەیشدی سەقەفی بۆ دوکانێکی فرۆشتنی مەی (لە سەردەمی عومەر).

سزاکەی: سوتاندنی دوکانەکە.[5]

٧ـ ئاوایەك مەی فرۆشیان دەکرد (لە سەردەمی عەلی).

سزاکەی: سوتاندنی ئاوایەکە.[6]

تاوانەکان:

ئەو تاوانەی کە دەکرایە سەر لاشە وەکو کوشتنو بڕینی ئەندامەکانو برینەکان. فەرمان لەم تاوانە بە (قصاص) دەبوو، واتە تۆڵەسەندن لە کەسی تاوانکار، مەگەر لە حاڵەتێکدا خاوەنی کوژراوەکە خوێنبای هەڵبژاردایە.

١ـ کابرایەك بازرگانێکی کوشت لەبەر پارەکەی (لەسەردەمی عوسمان).

سزاکەی: کوشتنەوە (قصاص).[7]

١) أبوداود: السنن ٣: رقم ٣٠٤٣، وابوعبيد: الاموال رقم ٧٧، وابن حزم: المحلى ٩ رقم ١٧٩٥، و ١١ رقم ٣٣٠٤ وابن قدامة : المغني ١٠: ١١٤ـ ١١٦.

٢) الطبري: تاريخ ٥: ١٣٦، وابن كثير: التفسير ١: ٤٨٦، وابن فرخون: تبصرة الحكام ٢: ٢٠٦ـ ٢٢٦.

٣) سەرچاوە پێشووەکان.

٤) ابن حزم: المحلى ١١ رقم ٢٢١٠، وابن القيم: إعلام الموقعين ٤: ٣٠٩.

٥) أبو عبيد: الاموال رقم ٢٦٥ـ ٢٦٨ن وابن حزم: المحلى ٩ رقم ١٥١٢، وابن القيم: أعلام الموقعين ٢: ٥ و ٤: ٣٠٩ والطرق الحكمية ١٥: ١٦، ٢٤٦.

٦) سەرچاوەکانی پێشوو.

٧) ابن حزم: المحلى ١٠: ٢٠٩٥، وابن قدامة: المغني ٩: ٣٨٦.

٢ـ ئافرەتێك بە ئامادەبوونی هاوڕێکەی مێردەکەی خۆی کوشت (لە سەردەمی عەلی).
سزاکەی: کوشتنەوە (قیصاص).[١]
٣ـ پیاوێك کوڕەکەی خۆی کوشت بە ئەنقەست (لەسەردەمی عومەر).
سزاکەی: خوێنبای (الدیە).[٢]
٤ـ موسڵمانێك کەسێکی لە ئەهلی زیمە کوشت (لەسەردەمی عومەر).
سزاکەی: کوشتنەوە (قیصاص).[٣]
٥ـ ئازادێك کۆیلەیەکی کوشت (لەسەردەمی عەلی).
سزاکەی: کوشتنەوە.[٤]
٦ـ ئازادێك کۆیلەیەکی کوشت (لە سەردەمانی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی).
سزاکەی: لێدانو زیندانی کردن.[٥]
٧ـ پیاوکوژێك دانی بەپیاوکوشتن نا بۆ لادانی تۆمەت لەسەر تۆمەتبارێکی بێخەتا (لەسەردەمی عەلی).
سزاکەی: خوێنبای.[٦]
٨ـ حەوت کەس لە خەڵکی سەنعا بەشداریان کرد لە کوشتنی پیاوێکدا (لە سەردەمی عومەر).

---

١) ابن القيم: الطرق الحكمية ٥٠، وابن قدامة: المغني ٩: ٣٦٢، ٣٧٦.

٢) أحمد: المسند ١: ٢٢، ٤٩، وابن قدامة: المغني ٩: ٣٥٩، ٣٧٢، والشوكاني: نيل الاوطار ٧: ١٢، لەبەر هەبوونی گومان، چونكە بكوژەكە بە رواڵەت مەبەستی تەمێیە نەك كوشتن.

٣) ابو داود، السنن ٤: رقم ٤٥٣٠، والشافعي: الأم ٦: ٣٣ و ٧: ١٦٤، ٢٦١، وسحنون: المدونة الكبرى ١٦: ١٠٠و الشيرازي: المهذب ٢: ١٨٥، وابن حزم: المحلى ١٠: ٣٧١ رقم ٢٠٢١، ٢٠٢٢ وابن قدامة: المغني ٩: ٣٤١، ٣٦٠، ٥٥٦، والسرخسي: المبسوط ٢٦: ١٣٣، والعيني: عمدة القاري ٢٤: ٦٤ـ ٦٦، وابن حجر: فتح الباري ١٢: ٢١٧ـ ٢٣٠.

٤) الطبري: تفسير ٢: ٦١، وسحنون: المدونة الكبرى ١٦: ١٦٧ والشيرازي: المهذب ٢: ١٨٥، والسرخسي: المبسوط ٢٦: ١٣٠، وابن قدامة: المغني ٩: ٣٤٨ـ ٣٦١، والعيني: عمدة القاري ١٨: ١٠٠ـ ١٠١، و٢٤: ٤٠، والشوكاني: نيل الاوطار ٧: ١٢ـ ١٣.

٥) سەرچاوەكانی پێشوو.

٦) ابن القيم: الطرق الحكمية ٥٥ـ ٥٦، والسرخسي: المبسوط ٢١: ١٦و ٢٦: ١٣٣.

سزاکەی: کوشتنی هەموویان.[1]

٩ـ سێ کەس بەشداریان کرد لە کوشتنی پیاوێك (لە سەردەمی عەلی).

سزاکەی: کوشتنی هەموویان.[2]

١٠ـ ئافرەتێك و دۆستەکەی و خزمەتکارەکەی و پیاوێکی تر، کوڕی مێردەکەیان کوشت، ئەمجا پارچە پارچەیان کردو خستیانە نێو بیرێکەوە لە یەمەن (لە سەردەمی عومەر).

سزاکەی: کوشتنی هەموویان.[3]

١١ـ گەنجێك خۆنەناسی کرد بە جلی ئافرەتێكو داوێن پیسی کرد لەگەڵ ئافرەتێکی خەوتوو، ئافرەتەکەش ئەو گەنجەی کوشت (لەسەردەمی عومەر).

سزاکەی: رزگاربوونی ئافرەتەکە.[4]

١٢ـ ئافرەتێك پیاوێکی کوشت وەکو بەرگریی لە نامووسی خۆی (لە سەردەمی عومەر).

سزاکەی: رزگاربوونی ئافرەتەکە.[5]

١٣ـ کوژراوێك دۆزرایەوە لە نێو دوو گەڕەکدا (لە سەردەمی عومەر).

سزاکەی: پەنجا جار سوێند بخۆن، ئەمجا خوێنبای لەسەر نزیکترین هەر دوو گەڕەکەکە، چونکە کوشتنەوە بە قەسامە نابێت.[6]

---

١) مالك: الموطأ (بشرح السيوطي) ٢: ١٩٢، والشافعي: الأم ٦: ١٩ ، وسحنون: المدونة الكبرى ١٦: ١٠١، وابن قدامة: المغني ٩: ٣٣٤ـ ٣٣٥، ٣٣٦ـ ـ ٣٣٧، وابن القيم: أعلام الموقعين ١: ١٨٥، والعيني: عمدة القاري ٢٤: ٥٥ـ ٥٦، وابن حجر: فتح الباري ١٢: ٢٠٠ـ ٢٠١، والسرخسي: المبسوط ١٨: ١٢٧و ٢٦: ١٢٦ـ ١٢٧.

٢) سەرچاوەکانی پێشوو.

٣) سەرچاوەکانی پێشوو.

٤) الشافعي: الأم ٦: ٢٦، ١٢٣ـ ٧: ١٦٩، وابن حزم: المحلى ٨ رقم ١٣٧٨، وابن قدامة: المغني ٤: ٣٥٤، ٩: ٣٣٦، ٣٨٠، ١٠: ٣١٧ـ ٣١٨ـ ٣٥٣ـ ٣٥٧ـ والعيني: عمدة القاري ٨: ١٩٠ـ ١٩١، و ١٤: ٢١ـ ٢٢.

٥) سەرچاوەکانی پێشوو.

٦) مسلم: الصحيح (بشرح النووي ١١: ١٤٣ـ ١٤٥، والشافعي: الأم ٧: ١٢، وابن حزم: المحلى ١٠ رقم ٢٠٧١و ١١ رقم ٢١٤٨ـ وابن قدامة: المغني ٩: ٥٢٤، ١٠: ٤ـ ٣٩، وابن حجر: فتح الباري ١٢: ٢٠٢ ـ ٢١٢، والعيني: عمدة القاري ٢٤: ٥٧ـ ٦٤.

داوەرەکان لە سەردەمی ئەبوبەکر:[1]

١ـ عومەری کوڕی خەتتاب (مەدینە و فەرمانڕەوای حەج).
٢ـ موعازی کوڕی جەبەل (یەمەن ـ جگە لە فەرمانڕەوایەتی خۆی ـ).
٣ـ ئەبوموسای ئەشعەری (یەمەن).

داوەرەکان لە سەردەمی عومەر:[2]

١ـ ئەبودەردا ـ ٣٢ ك ـ (دیمەشق).[3]
٢ـ ئەبوقوڕەی کیندی ـ سەلەمەی کوڕی موعاویە ـ (کووفە ١٥ ـ ١٧ ك).[4]
٣ـ ئەبومەریەمی حەنەفی ـ ئیاسی کوڕی صەبیح ـ (بەصرە ١٤ ـ ١٧ ك).[5]
٤ـ ئەبوموسای ئەشعەری ـ عەبدوڵڵای کوڕی قەیس ـ ت ٥٢ك ـ (داوەری بەصرە لەگەڵ فەرمانڕەوایەتی ١٧ ـ ٢٥ ك جگە لە ساڵی ٢٢ ك، چونکە لە ڕێگەی عومەرەوە داوەرو فەرمانڕەوای بەصرە بوو).[6]
٥ـ ئوبەی کوڕی کەعبی خەزرەجی ئەنصاری ـ ت ٢٢ ك ـ (مەدینە).[7]
٦ـ خاریجەی کوڕی حوزافەی قوڕەیشی عەدەوی ـ ت٤٠ ك ـ (میصر).[8]
٧ـ زەیدی کوڕی سابیتی نەجاڕی خەزرەجی ـ ت ٤٥ ك ـ (مەدینە).[9]

---

١) خليفە: التاريخ ٩٧، ١٢٣ زوهریش دەیوت: ئەبوبەکرو عومەر ڕەزای خوایان لێبێت داوەریان نەبوو (الطبري: تاريخ ٤: ٢٤١).
٢) خليفة: التاريخ ١٥٤ـ ١٥٥، والطبري: تاريخ ٤: ٣٩ـ ٢٤١ـ والمصادر الاخرى المؤشرة بالحواشي.
٣) ابن عبدالبر: الاستيعاب ٣: ١٧، وابن حجر: الاصابة ٣: ٤٦.
٤) ابن سعد: الطبقات الكبرى ٦: ١٤٨، والطبري: تاريخ ٤: ١٦٨، ١٨٨، ٢٢٢، وابن حجر: الاصابة ٤: ١٦٠.
٥) ابن سعد: الطبقات ٧: ٩١و ٣: ٣٧٨، والطبري: تاريخ ٤: ٢٢٢ والعسكري: الاوائل ٢: ١٠٠ـ ١٠١، ووكيع : اخبار القضاة ١: ٢٦٩ـ ٢٧٠.
٦) ابن عبدالبر: الاستعاب ٤: ١٧٤.
٧) عبدالرزاق: المصنف ٨: ٤٧١ـ ٤٧٢.
٨) الطبري: تاريخ ٥: ٤٨ـ ٤٩، عن سيف، وابن عبدالبر: الاستعاب ١: ٤٢٠ـ ٤٢١ـ بصغة التمريض.
٩) ابن سعد: الطبقات ٢: ٣٥٩، وابن حجر: فتح الباري ٢: ٣٢٧، ١٣: ١٥٤.

٨ـ سەلمانی کوڕی رەبیعەی باهیلی ـ ت ٢٨ ك ـ (کووفەو دواتر مەدائین).[١]

٩ـ سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص (کووفە).

١٠ـ شورەیحی کوڕی حاریسی کیندی ـ ت ٨٧ ك ـ (کووفه ١٨ ـ ٧١ ك).[٢]

١١ـ عوبەیدەی سەلمانی (کووفە).

١٢ـ عوبادەی کوڕی صامت ـ ت ٣٤ ـ (شام).[٣]

١٣ـ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودی هوزەلی ـ ت ٣٢ ك ـ (کووفە جگە لە بيت المال).

١٤ـ عەمماری کوڕی یاسر (کووفە).

١٥ـ جوبەیری کوڕی موتعیم (کووفە).

١٦ـ عوسمانی کوڕی قەیسی کوڕی ئەبولعاس (میصر ٢٣ـ ٤٢).[٤]

١٧ـ عوروەی کوڕی عەیازی کوڕی ئەبوجەعدی بارقی ئەزدی (کووفە).[٥]

١٨ـ عەلی کوڕی ئەبی تالیب ـ ت٤٠ ك ـ (مەدینە).[٦]

١٩ـ عیمرانی کوڕی حوصەین ـ ت ٥٢ ك ـ (بەصرە).[٧]

٢٠ـ قەیسی کوڕی ئەبوعاصی سەهمی ـ ت ٢٣ ك ـ (میصر).[٨]

٢١ـ کەعبی کوڕی یەساری کوڕی زەننەی عەبسی (میصر).[٩]

---

١) ابن سعد: الطبقات ٦: ٣٤، وابن عبدالبر: الاستيعاب ٢: ٦٢، وابن الاثير: أسدالغابة ٢: ٣٢٧، وابن حجر: الاستعاب ٢: ٦١.

٢) ابن عبدالبر: الاستيعاب ٢: ١٤٩، وابن الاثير: أسد الغابة ٢: ٣٩٤، وابن حجر: الاصابة ٢: ١٤٦.

٣) وكيع: أخبار القضاة ٢: ١٨٤، ١٨٨، والبيهقي: السنن ١٠: ٨٧.

٤) ابن سعد: الطبقات ٦: ٣٤، ووكيع: اخبار القضاة ٢: ١٨٤، وابن عبدالبر: الاستيعاب ٣: ١١١، وابن حجر: الاصابة ٣: ٩٠٥.

٥) ابن عبدالبر: الاستيعاب ٣: ٣٩.

٦) ابن سعد: الطبقات ٧: ٩١، وابن حجر: الاصابة ٣: ٢٦ عن خليفة، ولم اجده في المطبوع من التاريخ والطبقات.

٧) ابن حجر: الاصابة ٣: ٢٥٤، ووكيع: أخبار القضاة ٣: ٢٢٠، والكندي: الولاة والقضاة ٣٠٠.

٨) الطبري: تاريخ ٤: ٢٢٥، والبيهقي: السنن الكبرى ١٠: ٨٧، (الحاشية الاولى) (الثانية) ابن عبدالبر: الاستيعاب ٣: ٢٩٧، ووكيع: أخبار القضاة ٣: ٢٢١، والكندي: الولاة والقضاة: ٣٠٥، وابن حجر: الاصابة ٣: ٣٠٣.

٩) ابن عبدالبر: الاستيعاب ٣: ٣٠٣، وراجع حول سبب استقصائه عبدالرزاق: المصنف ٧: ١٤٨ـ ١٤٩، ووكيع: أخبار القضاة: ١: ٢٧٥، ٢٧٦، واسباب اخرى عن وكيع: أخبار القضاة ١: ٢٧٧ـ ٢٧٨.

٢٢ـ کەعبی کوڕی ئەزدی ـ ت ٣٦ ك ـ (بەصره ١٨ـ ٣٦ ك).[١]

٢٣ـ موغیرەی کوڕی شوعبە ـ ت٥٠ ك ـ (داوەری بەصرەو فەرمانڕەوایەتی).[٢]

مووچەی داوەرەکان:

١ـ سەلمانی کوڕی ڕەبیعەی باهیلی (کووفە) ٥٠٠ درهەم مانگانە.[٣]

٢ـ شورەیحی قازی (کوفە) ١٠٠ درهەم مانگانە.[(٤)]

٣ـ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودی هوزەلی (کووفە) ١٠٠ درهەم مانگانەو چواریەکی مەڕێك هەموو ڕۆژێك.[٥]

٤ـ عوسمانی کوڕی قەیسی کوڕی ئەبولعاص (میصر) ٢٠٠ دینار.[٦]

٥ـ قەیسی کوڕی ئەبولعاصی سەهمی (میصر) ٢٠٠ دینار ـ بە هۆی میوانداریێتی ـ .[٧]

داوەرەکان لە سەردەمی عوسمان:[٨]

١ـ زەیدی کوڕی سابیت (مەدینە).

٢ـ ئەبودەردا (دیمەشق).

٣ـ کەعبی کوڕی سوور (بەصرە).

٤ـ ئەبوموسای ئەشعەری (بەصرە بێجگە لە فەرمانڕەوایەتیێکەی).

٥ـ شورەیح (کووفە).

٦ـ یەعلای کوڕی ئومەیە (یەمەن).

٧ـ سومامە (صەنعا).

٨ـ عوسمانی کوڕی قەیسی کوڕی ئەبولعاص (میصر).

---

١) وکیع: اخبار القضاة ١: ٢٧٤.

٢) الكمال بن همام: شرح فتح القدير ٦: ٣٦١، وناصر بن عقيل الطريفي: القضاء في عهد عمر بن الخطاب ٢: ٨٥٢.

٣) الكمال بن الهمام: شرح فتح القدير ٦: ٣٦١، وابن قدامة: المغني ٩: ٣٧، والطريفي: القضاء ٢: ٨٦٨.

٤) ابن حجر الإصابة ٢: ٤٦٤ والكندي الولاة والقضاة ٣٠٥ـ ٣٠٦ ويذكر أنه توفي سنة ٣٥ هـ.

٥) البيهقي: السنن الكبرى ١٠: ٨٧، وابن حجر: فتح الباري ١٣: ١٢١.

٦) ابن سعد: الطبقات ٧: ٤٩٦ زۆریی موچەکەی بەوە پاساو دەدرێتەوە کە ناسراوو میواندار بووە.

٧) ابن سعد: الطبقات ٤: ٢٦١ (لەبەر میوانداریێتی).

٨) خليفة: التاريخ ١٧٩، والطبري: تاريخ ٤: ٤٢١ـ ٤٢٢.

داوەرەکان لە سەردەمی عەلی:[1]

١ـ ئەبولئەسوەد زاڵمی کوڕی عەمری دوئەلی (بەصرە).

٢ـ زەححاکی کوڕی عەبدوڵڵای هیلالی (بەصرە).

٣ـ عەبدوڵڵای کوڕی فەزالەی لەیسی (بەصرە).

٤ـ شورەیح (کووفە).

٥ـ موحەممەدی کوڕی زەیدی کوڕی خولەیدەی شەیبانی (کووفە).

١) خليفة: التاريخ ٢٠٠، والطبرى: تاريخ ٥: ١٥٥.